# پرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەئێران

## (بەشی یەکەم)

لە گفتوگۆیەکی کراوەی نێوان کۆسار فەتاحی و رزگار ئەمین نەژاد دا

سەرەتا: خوێنەری بەرێز ئەم گفتوگۆیە تەرخانکراوە بۆ باسکردن لەسەر پرسی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران. ئەوەی کە دەکەوێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست، خوێندنەوەیەکە کە لە دوو بەشدا ئامادە کراوە. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ بەحسێکی ساختارشناسییانە لەمەڕ چۆنیەتی شکلگرتنی ئینقلابی ئێران و، بەشی دووهەمی ئەم بابەتە راستەوخۆ ئەپرژێتە سەر باسی هەڵبژاردن. وەک تێبینییەک ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەم گفتوگۆیە بە شێوەی راستەوخۆ تۆمارکراوە و پاش تۆمارکردن، خراوەتە سەرکاغەز.



**کۆسار فەتاحی:** قەرار وایە ئێـمە باسێک بکەین لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن و لە بنەڕەتدا مەقولەی هەڵبژاردن لە ئێراندا، کە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی تەئسیرگوزاری لە کۆمەڵگەیە لە روی هاوکێشەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی وڵات دا. هەروەها بە چەشنێک هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە بتوانێ قەوارەی دەسەڵات دیموکراتیزە بکا. ئەگەر لەم رەهەندەوە چاو لە پرۆسە یان بە واتایەکی باشتر مەقولەی هەڵبژاردن بکەین، لە راستیدا ئێمە هەندێ بەرچاوروونیمان پێ دەدرێ و رەنگە خۆمان دوور دەخەینەوە لە هێندێک روانینی دوگماتیزم بۆ قەزیەی کێشەمەکێشە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگەی خۆمان و مەسەلەی دەسەڵات و دەوڵەت لە کۆمەڵگەدا کە باڵادەستە و ئەهرومی سیاسی - ئابووری لەبەر دەستدایە و، هەروەها ئەو روانینە کلاسیکییە رەت دەکەینەوە کە راستەوخۆ تماشای حکومەت دەکا و حاکمییەت بە یەک شێوە دەبینێ. خۆت دەزانی کە ئەم روانینە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەو حکومەت لە ئێراندا سی ساڵە هێچ دەرەنجامێکی لێ نەکەوتووەتەوە، بۆیە سروشتییە کە گۆشەنیگاکانیتر و روانینەکانیتر مەترەح بوون کە لە روانگەیەکی دیکەوە تماشای حکومەت دەکەن و حەول دەدەن مەوقعیەتی حکومەت بە نیسبەت کۆمەڵگە و مەوقعیەتی کۆمەڵگە بە نیسبەت حکومەتەوە تاووتوێ بکەن و هاوکێشەکە شرۆڤە بکەن و، کاریگەربوونی هەرکام لەم دوو پێگەیە لە سەر یەکتر نیشان بدەن. ئەوەیکە دەوڵەت چەندە کارتێکەری هەیە لە سەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش چەندە خوازیارە کارتێکەری خۆی دەر بخات و لە بنەڕەتدا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا؟

ئێستا ئێمە لە ئینقلابی 79وە دەست پێ دەکەین کە شۆڕشێکی سەرانسەری لە ئێراندا رووی دا و خەڵک توانی کە سیستمی پاشایەتی بگۆڕێ و سیستمێکی تر بێنێتە ئاراوە. وەک خۆت دەزانی ئیرادەی گشتی کۆمەڵگە لە سەر ئەوە نەبووە کە رژیمێک کە ئێستا بە ناوی کۆماری ئیسلامی مەترەحە، لە دڵی ئەو ئینقلابەوە بێتە دەرێ، چوون بە هەرحاڵ دەرەنجامەکانی ئەم سی ساڵە و ئێعترازاتی بەردەوامی کۆمەلایەتی نیشان دەدا کە خەڵک نارازین و ئەم حکومەتە وڵامدەری داواکانی خەڵک نییە. بەڵام بە هەر حاڵ ئەم رژیمە کە بەرهەمی ئینقلابی 79ە، تا ئێستا بە نێو کۆمەڵێک پرۆسەی بەناو دیموکراتیدا تێپەڕیوە و کۆمەڵێک ئامرازی دیموکراتیکی وەکو، هەڵبزاردنی سەرۆک کۆماری، مەجلیس، شورای شار و گوندەکان و تەنانەت لە ناو خودی رژیمیشدا کۆمەڵێک ئینتخاباتی وەکو، مەجلیسی خێبرەگان، ئینتخاباتی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەقامی ڕێبەری و هتد بەڕیوە بردووە. ئەمانە لە خۆیاندا نەمادی بزاڤی دیموکراتیکن، ئەگەرچی بە رای من جەوهەرەی دیموکراتیک بوونیان تێدا نییە. جا ئێستا من وا بە چاک دەزانم کە ئەم باسە لە ئەساسێکەوە دەست پێ بکەین.

تۆ ڕوانینت بۆ دیاردەی شۆڕش لە ئێراندا و بە تایبەتی ئینقلابی ساڵی 79چییە و دەرەنجامەکانی چۆن دەبینێ و بە بۆچوونی تۆ ئەم ئینقلابە بەدوای چ ئارمانێکەوە بوو؟ ئایا ئەو ئاکامەی کە ئێستا سی ساڵە دەرکەوتووە و بەرهەمی ئەم ئینقلابەیە، بە راستی ئە ئامانجە بوو کە لە زەینی جەماوەری ئینقلابیدا جێی خۆش کردبوو، یان نا؟



**ڕزگار ئەمین نەژاد:** منیش پێموایە بەرلەوەی بچینە نێو تەوەری سەرەکی ئەم باسە، پێویستە وەک سەرەتا خوێندنەوەیەکمان هەبێت لەمەر دیاردەی ئینقلاب لە ئێراندا. ئەگەر سەرنج بدەین لە ئەزمونی ئینقلابەکان لە مێژووی جیهاندا، دەبینین کە ئەم ئینقلابانە کارتێکەرییەکی قووڵیان هەبووە لە سەر معادلاتی جیهانی بەگشتی و، پرسی گۆڕانکاری لە سیستمی کۆمەڵگاکەیان بەتایبەتی. من پێموایە ئینقلابی ئێرانیش بە چەشنێک هەڵگری هەمان ئەو کاراکتێرانە بووە و کارتێکەری خۆی هەبووە لە سەر موعادیلاتی جیهان – هەرچۆنێ بێت سیستەمێکی نوێی سیاسی بووە- بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم کاریگەرییە ڕووی لە کۆمەڵگای خۆی بووە کە لە سیستەمێکی موناریشییەوە بەرەو سیستەمێکی ئیدۆلۆژیک هەنگاوی هەڵهێنایەوە. بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە بەرجەستە دەبێتەوە کە لە بنەرەتدا دیاردەی ئینقلاب لە ئێران و هەل و مەرجەکانی ئەم ئینقلابە و، باری زەمانی ئەم ئینقلابە چۆن چۆنی خوێندنەوەی بۆ دەکرێ؟

خۆت دەزانی لەم زەمینەیەدا گەلێک باسی جیاواز هەیە، بەگشتی ئەم باسانە هەمیشە لە ڕووی هەڵوێستە کردنەوە بووە. واتە لە دوو کانسێپتی جیاوازەوە سەری هەڵداوە کە بەشێکی پێوەندی هەیە بە ڕوانگەی ئۆپۆزیزسیون و، ئەوەی تریان لە چەشنی قەناعەتی پۆزیسیونیدا بووە. پۆزیسیون بەو مانایەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم ئینقلابە بە بەرهەمی خۆی دەناسێنێ و، پێیوایە کە زەمینەسازی ئەم ئینقیلابە لە بزاڤە حەوزەوی و دینییەکانەوە سەری هەڵداوە. لە دیدی ئەمانەوە رۆحانیون، حەوزە، مەدارسی دینی و بە گشتی مزگەوت و مینبەرە دینییەکان لە هیدایەت کردن و پەرەسەندنی پرۆسەی ئەم ئینقلابەدا دەوری سەرەکیان هەبوو.

لە ڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە خوێندنەوەی ئینقیلاب تا ڕادەیەک مەنتیقی تر دەنوێنێ تا ئەو جێگایەی کە قەناعەتیان وایە ئەم ئینقیلابە بەرهەمی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بووە لە ئێراندا و، تەیفە فرەچەشنەکان، هەرکام بە نۆرەی خۆیان کارتێکەری یان هەبووە لە سەر هەڵدانی ئەم ئینقیلابەدا. بەڵام لەو جێگایەی کە هەرکامیان کاریگەری خۆی لە سەر هەڵدان و شکل گرتنی ئەم ئینقیلابەدا چۆن مەزندە دەکات، بابەتێکی دیکەیە. جا بۆیە من پێموایە کە هەرکام لەم دوو شرۆڤانە بەگشتی لە ڕادەبەدەر سەبژەکتیڤن. من پێموایە ئێمە نیازمان هەیە بە خوێندنەوەیەکی بەڵگەمەندتر کە پشت ببەستێ بە شرۆڤەیەکی مێتۆدیک و تایپۆلۆژیک. لە وەها دۆخێکدا ئێمە دەتوانین بە ئیعتیمادەوە قسە لەسەر دیاردەی ئینقیلابی 79 بکەین. بەڵام ئەم حاڵەتە عینییە پێویستی بە مەجالێکی دێمۆکراتیک و نەفەسێکی دوور لە دەمارگرژی هەیە کە بە داخەوە تا بە ئێستاش بەستێنێکی هەموار بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە دەست نە کەوتووە و، ئەو سەرچاوانەیش کە لەبەر دەستدان تەنیا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆیان بە بەشێکی ئەم دیاردەیەوە تەرخان کردووە. هەر بۆیە باسکردن لە راونگەیەکی دیاردەشناسیەوە زیان دەگەیەنێت بە باسەکەمان و، با زیاتر سەرنج بەو کۆنتێکستانە بدەین کە پێوەندییان هەبووە بە شکلگیری ئەم ئینقیلابەوە.

بە تێبینییەکی زۆر سادە، ئینقلابی ئێران لە بەرانبەر سیستەمی پاشایەتی پەهلەویدا شکلی گرت، بەڵام ئەم ئینقلابە تاکە تەقەلای وەلانانی ئەم سیستەمە، واتە سیستەمی پاشایەتی نەبووە. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئێمە شاهیدی گەلێ راپەرین و حەرەکەتی ئیعترازی بووین لەهەمبەر سیستەمی پاشایەتی پەهلەوی دا و، هەموو جارێک لە رێگای زەبرو زەنگ و تۆقاندن و کودەتاوە ئەم سیستەمە خۆی داسەپاندوەتەوە. زۆر بەکورتی دەتوانم ئاماژە بەوە بدەم کە پاڵنەرەکانی ئەم بزاڤ و سەرهەڵدانانە دەشی لە سێ خاڵی سەرەکیدا پۆلین بکرێن: یەکەم پێوەندی هەیە بە شەرعییەتی پاشایەتی پەهلەوی، دووهەم بەربەستن بە مەشارەکەتی تەیفە جیاوازەکان لە چارەنووسی وڵات دا و، سێهەم کە پرسێکی سەرەکی و گرینگە بۆ گشت ئینقیلابەکانی جیهان، پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە.

لە پێوەندی بە ناشەرعی بوونی پاشایەتی پەهلەوی، وەک ئاگاداری رێشەی ئەم پاشایەتییە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی گواستنەوەی دەسەڵات لە قاجارەکانەوە و، رەزا خانی میرپەنج بە مانۆرێکی نیزامی هەڵدەستێ بە دابین کردنی نەزم و ئاسایش لەو سەردەمە پڕ ئاڵۆزییەی ئێران، کە وڵات وەک کەشتییەکی سەرگەردان کەوتبووە بەر تەوژمی نا ئارامییەکانی ئەوکاتی ئێران و ناوچەکە. رەزا خان توانی بە کەڵک وەرگرتن لە ئاوتۆریتەی خۆی و قورسایی خۆی لەسۆنگەی سەردارێکی کارامە بۆ سەرکوتی سەرکێشییەکان و گەراندنەوەی ئارامی و ئەمنیەت - وەک نیمچە کودیتایەک - دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت و پاشایەتی خۆی رابگەیەنێت. بەڵام خۆی بنەمای ئەم پاشایەتییە هەمیشە جێگای گومان بووە، یانی قەت نەیتوانی شەرعییەتی خۆی وەربگرێت. پاشایەتی رەزاخان زیاتر وەک کۆمێدیایەک دەچوو و، ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی ئەدەبی و سیاسی ئەو سەردەمە بدەینەوە دەبینین کە رۆشنبیری ئەو سەردەمە تا چەندە بە تەنزەوە ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە. کەوابوو، ئەم پاشایەتییە هی ئێران نەبوو، ئەم پاشایەتییە مەشرووعییەتی نەبوو، ریشەی نەبوو، وە دەبینین کە لە دەورانەکانی دواییدا واتە لە 20ەی کاندا و لە سالی 32 دا نیزامی پاشایەتی دەکەوێتە بەر ئیعترازی خەڵک و بزاڤە کۆمەلایەتییەکان، کە بەردەوام لە رێگای زەبرو زەنگ و کودەتا - بەتایبەت ئاخرین نموونەی لە کودیتای ساڵی 32دا – دەسەڵاتی بەدەست هێناوەتەوە. کەواتە سیستمی پاشایەتی سیستمێکی بێگانە بوو لە ئێران دا. سیستمێک نەبوو کە شەرعییەتی هەبێ. ئەم زەبر و زەنگە دەبوو بەرەنجامەکانی خۆی وەربگرێتەوە و، ئەم دەرئەنجامەیش، راپەرینی گەلانی ئێرانی لێ کەوتەوە کە لە ساڵی 1357 دا کۆتایی بە سیستەمی پاشایەتی هێنا.

لە سۆنگەی مەشارەکەتیدا، وا بە باش دەزانم کە ووردبوونەوەی خۆمان زیاتر لەو سەردەمەدا چڕ بکەینەوە کە پێوەندی هەبوو بە سەردەمی ساماندەهی و بە مۆدێرن کردنی وڵات بە تایبەت کە لە ئینقلابی سپی شاهەنشاهی دا بەرجەستە کرابووەوە. لەم سەردەمەدا لەژێر گوشار و سەرهەڵدانی لایەنە ئیعتەرازییەکانی ئەوکات، شا هەڵدەستێ بە رێفۆرم کردن لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی وڵات دا. لەم سەردەمەدا زەرورەتی هاتنە کایەی حیزبی رەسمی وڵات دێتە ئاراوە. حیزبی "رەستاخیز" دامەزرانی خۆی رادەگەیەنێت و وەک نموونەی حیزبێکی مودێرن، هەڵدەستێ بە بەرێوەبەردنی هەڵبژاردن تا لەم رێگەیەوە شەرعیەتی خۆی رابگەیەنێت. زەرورەتی هەڵبژاردن مەترەح دەبێت بەڵام فۆرمی هەڵبژاردن دەچێتە پرۆسەیەکی فەرمایەشی و، هەر لەو سەرەتایەوە خەڵک خۆی نامۆ دەبینێ لەهەمبەر کارتێکەری خۆی لە چارەنووسی هەڵبژاردن دا. هەر ئەم فۆرمە لە دەرکی هەڵبژاردن، زەمینەسازی ئیفلیجکردنی پرۆسەی دیمۆکراسی شای ئێران بوو. لەوەها دۆخێکدایە کە خەڵک خۆی دوور دەگرێت لە ئەڵتەرناتیڤی هەڵبژاردن وەک

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەرەسەیەک بۆ رەوتی گۆران و گەشە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە دەرک کردنی سیستەمە بە زەرورەتی هاتنە ئارای حیزب و پرۆسەی هەڵبژاردن وەک نمادێکی حقوقی بۆ شەرعیەت وەرگرتن، بەڵام دەبینین کە ئەم تێگێشتنە تا چەندە کاراکتێری رەوانی هەبووە کە هێشتا دەزگای دەسەڵات ئامادە نابێت لایەنەکانی دیکە لەم قۆناغە رێفۆرمییەدا جێ بکاتەوە. بەم چەشنە لایەنە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران لە پەرەپێدانی بە مۆدێرن کردنی وڵاتدا هیچ سەهمێکیان پێ نەدراوە. پلانە ئابورییەکان و گەشەی فەرهەنگی تا رادەیەکی بەرچاو لیبرالیزە دەکرێن، بەڵام پرسی سیاسەت و بەشداری لایەنە جیاوازەکان لە سیستەمی بەرێوەبەریدا بە ئێچەوانەوە مۆنۆپۆل دەکرێت و تەنانەت توشی سەرکوت کردن دەبێتەوە. دەبینین کە پرسی مۆدێرنیزەکردنی وڵات بە ناهاوسەنگی و بە ریتمێکی ناهاوئاهەنگ دا تێدەپەرێت. سیاسەتی سەنترالیزە کردنی دەسەڵات، بەهەمان کاراکتێری رەزا خانییەوە، لەم سەردەمەیشدا شکل دەگرێتەوە؛ یەک خودا، یەک شا، یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک حیزب (حیزبی رەستاخیز) و تاد. بەگشتی کەرەسەی مۆدێرنیزەکردنی وڵات فەراهەم دەکرێت، بەڵام عەقڵی مۆدێرن لەم میانەدا جێگای بەتاڵ دەمێنێتەوە.

لە پێوەندی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دەبینین کە نەبوونی دادپەروەری لە سیستەمی بەرێوەبەری وڵاتدا دەبێت بە کاراکتێر. پرسی چینایەتی، هەژاری، بێکاری، پرسی ژن، لە پەراوێز خستنی نەتەوەکان و سەنترالیزەکردنی سەرمایە و دەسەڵات و تاد، رۆژ بەرۆژ بەرجەستەتر دەبوەوە. سیستەمی ئیداری وڵات دەکەوێتە پاوانی توێژی ئەشراف و ئەم بابەتە زەمینەی خۆش کرد بۆ مەودا گرتنی سیستەم لە خەڵک و، لە ئەنجامدا نیزام رۆژ بەرۆژ کاراکتێری ئۆلیگاریشی پەیدا دەکات. لەو سەردەمانەدا دەبینین کە سیستەمی برۆکراتی وڵات بە بەراوەردێک لە نێوان 5 تا 6 هەزار کەس دا خولاسە دەبێتەوە. سیتەم رۆژ بەرۆژ تەنیاتر و تەریکتر دەبێتەوە و بێگومان لە بەرامبەر بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هاوسەنگی خۆی لەسۆنگەی هێز، لە دەست دەدات و بەو چەشنەی کە دیمان لە راپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵەکانی 56و 57 دا بەتەواوی کۆتایی هات بە دەسەڵاتەکەی.

باشە، خەڵک راپەرین و دەسەڵاتی پاشایەتی لەرزۆک بوو، بە چەشنێک کە ژمارەی مەعکوسی نەمانی ئەو رێژیمە رۆژ بە رۆژ لە نوقتەی سفر نێزیک دەبوەوە، پرسیارەکە لێرەدایە کە گەلانی ئێران چییان دەویست؟ یاخود ئێمە چۆن لە جەمکی گەلانی ئێران تێدەگەین؟

وەک ئاماژەی پێدرا، ئێمە لەسەر ئەوخاڵە کۆکین کە لایەن و بزاڤە جیاوازەکانی ئێران، هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان بەشدار بوون لەم راپەرینەدا. کۆدەنگییەک لە دروشمی گشت ئەم لایەنانەدا بەدی دەکرا کە ئەویش نەمانی شا بوو. ئەگەر لە بیرت بێت دروشمی "مرگ بر شا" کە وەک سومبولێک ئاماژەدان بوو بۆ نەمانی سیستەمی پاشایەتی پەهلەوی، بە تەواوی عومیەتی پەیدا کردبوو. ئەوەی کە جێی سەرنجە گەرانەوەی ئایەتوڵا خومەینی بوو بۆ ئێران و یەکەم پەیڤی جەنابیان لە تاران دا. ئایەتوڵا خومەینی لەم میتینگە دا پەیامی شەفافی خۆی بە گەلانی ئێران رادەگەیەنێت لەو جێگایەی کە دەڵێت: "من تو دهن این دولت میزنم...، من دولت تعیین میکنم..." و ئەم ئیدەعایەی ئایەتوڵا خومەینی بە تەکبیر و تەشویقی جەماوەرەوە بەرەورووە دەبێتەوە و، خەڵک بە ئایەتوڵا خومەینی ئیلقا دەکات کە جەنابیان دەتوانێ لەسەر پشتیوانی ئەم جەماوەرە حیساب بکات بۆ تیۆریزە کردنی ئەم ئیدەعایەیان. بێ گومان پلانی ئینقلاب بە تیۆریزە کردنی حکومەتی جمهوری ئیسلامییەوە، وەک شمولیترین سیتەم بۆ بەرێوەبەری وڵات و، بە ستراتیژی دیفاع کردن لە مافی "موستەزعەفین" خەبات بە دژی "موستەکبەرین" بنەماکانی خۆی دادەرشت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من لێرەوە دەمەوێ سەرەتا لە باری سایکۆلۆژی زمان و کاریگەری ئەو دروشمانە لە رەفتاری کۆمەڵایەتی دا بکۆڵمەوە و، لە کۆتاییدا ئەم شرۆڤەکارییە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو سێ فاکتەرانەی کە لە بەراییدا ئاماژەیان پێدرا و وەک پاڵنەر لە سەر هەڵدانی ئینقلابی ئێراندا کارتێکەریان هەبوو.

لە روانگەی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە و لە سۆنگەی پێوەندی زمان و کارتێکەرییەکانی لە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێوەندییەک هەیە لەمەڕ ئیعمالی هێژمۆنیا لە گوتاری نێوان هەنێردە (فرستەندە) و وەرگردا (گیرەندە). ئەگەر بە شیوازێکی سادەتر ئاماژەی پێ بدەم، هەنێردە (واتە ئەو کەسەی کە قسە دەکات) سود لە کۆدێکی زمانەوانی وەردەگرێت بۆ زاڵ کردنی گوتاری خۆی لەسەر رەفتاری وەرگردا، کە ئەم کۆدانە کاراکتێرێکی ئایدیالۆژیکیان هەیە و، بە شێوەیەکی کۆنکرێت دەتوانم بڵێم کە هەڵوێستەی خۆی هەیە. بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە زمان تایبەتمەندییەکی نێوانگیری هەیە (واسطەگر، medium) هەیە و لە خۆیدا خاوەن دوو کاراکتێری سەرەکییە کە بریتین لە یەکەم؛ تایبەتمەندی دەرونی زمان – کە ئەم بابەتە پێوەندی هەیە بە فکر کە خاوەن تۆرێکی مانایە. دووهەم زمان وەک کاراکتیرێکی دەرەکی کە پیوەندی هەیە بە رەفتارە سیمبولیکەکان بۆ نموونە؛ رەفتارە زمانییەکان (لە میتینگ و سوخەنرانی دا)، تێکست و، بەگشتی کاراکتێری دەرەکی زمان خاوەن قاعیدە و دابێکە بۆ کۆدەنگی و پێکهاتنی جەماوەری. بەم شرۆڤەیە لە زمان، ئێستا چی روو دەدات بەلای وەگرەوە (واتە ئەو کەسەی گوێ رادەگرێت) کاتێ دەبینێت موخاتیبی گوتارێکە؟ بێگومان ئەم دۆخە بە نێو پرۆسەیەکی تەداعی ماناییدا تێدەپەرێت کە لە ئەنجامدا کاراکتێری کۆپی کردنی چەمکە دەرونییەکانی "وشە" بە خۆیەوە دەگرێت، واتە بەرلەوەی ئەم وشەیە ئانالیزە بکرێت، بە نێو سیستەمی وەرگریی (گیرەندەیی) ئێمەدا تێدەپەرێت و خۆی لەو چەمکە سۆزدارییانە (ئیحساسی) نزیک دەکاتەوە کە لای ئێمە وەک بەها و نۆرمە باوەکان پێناسە کراون. بە کورتی؛ ئەم گوتارانە لەسۆنگەی موتەرادیفەکانی ئێمەوە تەرجمە دەکرێنەوە.

ئێستا بەم سەرەتایە لە چەمکی سایکۆلۆژیەتی زمان و کارتێکەری لە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا، جێی خۆیەتی ئەو گوتار و دروشمانە ئانالیزە بکەین کە لە سوخەنرانییەکی ئایەتوڵا خومەینی دا هاتنە بەر باس. ئایەتوڵا خومەینی لەم سوخەنرانییەدا دەڵێت: "من تو دهن این دولت میزنم...، من دولت تعیین میکنم..." و، هەروەها دەستەواژەی وەک "موستەزعەفین" و "موستەکبەرین" لە پەیڤەکانیدا بەکار دەهێنێت. لەم پێوەندییەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بدرێت بە دوو لایەنی گرینگی زمانەوانی بۆ تێگێشتن لە وشە؛ یەکەمیان لایەنێکی خێرا و ئاشکرایە بۆ تێگێشتن کە سەرچاوەکەی قاموسە، واتە مرۆڤ لە قاموس دا دەگەرێت بۆ لێکدانەوەی مانای وشەکان. دووهەمیان لایەنێکی ئیرادی هەیە، واتە لە پێوەندی دایە بە تێگێشتن لە مەبەستەکانی باری مانایی وشە، کە ئەم حاڵەتە لە تێگێشتن لە ئیرادەی گیرەندەدایە و ئەو دەتوانێ بە پێی تێگێشتنی خۆی یاخۆد بە حەزی خۆی وشانە راڤە بکات.

بەڵام وشەیەک کە لەلای هەنێردەوە (فرستندە) ئاراستەی وەرگر دەکرێت، تایبەتمەندییەکی تەلویحی و لە هەمان کاتدا ئیشارەیی هەیە، واتە ئەم وشەیە قەستێکی تێدایە. ئەو وشەیەی کە هەنێردە دەری دەبرێت، بەلای خۆیەوە تەفهیم کراوە و زۆر ئاشکرا و مەجازییە. هەنێردە دەزانێت چی دەڵێت و ستراتێژی دەربرینەکەشی لە دەوری چ مەبەستێک دەسورێتەوە. بەڵام لەم دۆخەدا ئەرکی تێگێشتن دەکەوێتە ئەستۆی وەرگرەوە، ئەمە ئەوە کە دەیەوێ تێبگات لە وشە و مەبەست و دەربڕینەکانی هەنێردە. بێگومان ئەم تێگێشتنەیش بە پرۆسە دەرونییەکانی تێگێشتنی ئەودا تێدەپەرێت (وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا لەباری ئیحساسی و تەجرەبە فەردییەکانی خۆی لە مانای وشەکە، ئەم وشەیە تەرجەمە دەکاتەوە). کەواتە بۆ کەسێکی لێکۆڵەر کە قاموسێکی زمانی پێیە و بۆ مانای وشەکان دەگەرێت، شرۆڤە کردنی وشەکان لای ئەو جیاوازە لەو

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جەماوەرەی لە کەشی گەرم و ئیحساسی سوخەنرانییەکاندا شرۆڤەی وشەکان بکات. "من" ی ئایەتوڵا خومەینی لەم سوخەنرانییەدا موتەڵەقە و بێجگە لە خۆی هیچ بکەرێکی (فاعل) دیکەی نییە، ئەم "من"ە ئاماژە دانە بە کەسێک کە ببو بە سیمبولێکی خەباتکار بە دژی شا. ئەم "من"ە مەرجەعێکی دینی بوو و، لە ئەنجامدا ئەم "من"ە شوێنگەی خۆی وەک رێبەرێک ئیلقا دەکات، چونکە ئەمە ئەوە کە لە دەمی ئەم "دەوڵەت"ە (دەوڵەتی بەختیار) دەدات و دەوڵەت "تعیین" دەکات. تۆ بیری لێ بکەوە، لای وەرگر و، لەم کەشە ئینقیلابییەدا، ئەم "من"ە چ کاراکتێرێک وەردەگرێت؟ ئەگەر زۆر بە خێرایی نەتیجەم بەدەستەوە نەدابێت، دەبێ رابگەیەنم کە چەمکی واقعی ئینقلاب لێرەوە دیاری کرا.

خاڵێکی دیکە کە دەمویست ئاماژەی پێبدەم و لەم پێوەندییەدا شرۆڤەی لەسەر بکرێت، خوێندنەوەیەکە بۆ دوو وتەزای "موستەزعەفین" و "موستەکبەرین". من پێم وایە رۆشەنبیری دینی و بە تایبەت ئایەتوڵا خومەینی لە بەکار هێنانی ئەم وتەزایانە دا زۆر ورد و هۆشمەند بوون. بەڵگەکانم بۆ سەلماندنی ئەم قەناعەتە لە پێوەندیدایە بەوەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا، واتە کارتێکەری ئەم وتەزایانە لە رەفتاری کۆمەڵایەتی دا. کاتێ لە قاموسی فارسیدا بە دوای لێکدانەوەی هەرکام لەم وشانە دا دەگەرێیت تووشی کۆمەڵێ موتەرادیف دەبیتەوە و بەگشتی هەر هەمویان ئاماژەدەدەن بەوەی کە موستەزعەف بەو کەسە دەڵێن کە زەعیفە، زوڵمی چێشتووە، زوڵمی لێدەکرێت، مەفعولێکە لە هەمبەر کاردانەوەی بکەر (فاعیل) (فۆرمێکی پاسیڤ) و تاد. بە هەمان شێوە "موستەکبەر" مانای موتەزاد و بەرامبەری وشەی موستەزعەفە، واتە کەسێک کە زوڵم دەکات، دەچەوسێنێتەوە و بکەرە ( فۆرمێکی ئەکتیڤ). وەک باس کرا موستەزعەف موتەرادیفی زەعیفان و چەوساوانە، رەنگدانەوەی تەسویری ئەو کەسانەیە کە زوڵمیان لێ کراوە. لێرەدا فۆرمی زوڵم کردنەکە دیار نییە، بەڵکوو ئەم زوڵمە شمولیەتی هەیە، شموولی گشت ئەو زوڵمانە دەبێت کە مەزڵومی پێدەچەوسێتەوە. دەی لیرەدا ئەم پرسیارە بەرجەستە دەبێتەوە کە کێ خۆی مەزلوم دەبینێت؟ واتە کێ زوڵمی لێکراوە؟ تماشا بکە لەباری سایکۆلۆژیەتی زمانییەوە ئەم وتەزایانە چەندە نزیکە لە دروشمی چەپەکان، کە خەبات کردنە بە دژی کاپیتالیزمی چەوسێنەر و، خەبات لە پێناو چینی چەوساوەیە. بە پێچەوانەی چەمکە چەپییەکەی، ئەم وتەزایانە فۆرمی ئایدیالۆژیکی بۆ دیاری نەکراوە، بەڵکوو چەمکێکی عاتیفی هەیە. هەموو ئەوکەسانەی کە لە سەردەمی شا دا زوڵمیان لێ کراوە، ئاماژەدانە بە ئەو فەزا ئولیگاریشییەی دەسەڵات لە ئێراندا و لە سەردەمی پاشایەتی، کە نەبوونی دادپەروەری تێیدا ببوو بە کاراکتێر و بەربەستێک بوو لە بەرامبەر مەشارەکەتی بزاڤە جیاوازەکان.

**کۆسار:** دیارە لەم باسەی تۆدا یەک دوو خاڵی گرینگ هەیە کە بە رای من پێویستە کەمێک لە سەریان بوەستین. یەکەم، خاڵێک کە تۆ لەم ئاخرانەوە ئاماژەت پێ کرد، باسی هەڵگرتنی دروشمەکان بوو کە ئایەتوڵا خومینی وەکو کەسی یەکەمی رەهبەریی ئینقلاب ئەڵێ کە ئێمە دژ بە موستەکبرینین و بۆ بەرگری لە موستەزعەفین خەبات دەکەین. دیارە موستەزعەف ئەوانەن کە لە ژێر چەوساندنەوە و زوڵمدا بوون لە رووی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە. مەقوولەی دادپەروەری مەقوولەیەکە کە بە شیوەی نەریتی لە نێو ئەدەبیاتی حیزبە چەپەکان و چەپی دیموکراتدا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا - ئەگەر بە تایبەتی قسەی لەسەر بکەم - وەک نۆرمێکی ئایدۆلۆژیک بەها بنچینەییەکانی ئەندیشەی چەپ لە ئێراندا چاو لێ دەکرێ. موحەممەد رەزا شاڵگونی لە وتارێکیدا کە من زۆر پێشتر خوێندوومەتەوە بە ناوی ”گسست و گذار از انقلاب“ قسەیەک دەکا و دەڵێ کە ئەزموونەکانی ئینقلابی ساڵی 79 زۆر شتی هەیە کە بە ئێمە بڵێ. یەکێک لەو خاڵانەی کە بەلای ئەوەوە گرنیگە، ئەوەیە کە ئاغای خومەینی بە هەڵگرتنی دروشمی دیفاع لە موستەزعەفینی جهیان و خەبات بە دژی ئیستکباری جیهانی لە راستیدا چەکی ئەساسی لە دەستی ئێمەی چەپ دەرهێنا و هیزی چەپی بە کردەوە دەست بەتاڵ هێشتەوە. ئەمە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

توانی ئەو مەیدانە کۆمەڵایەتییە بە شێوەیەکی بەرین پووشش بدا و جەماوەرێکی بەهێز لە دەوری خۆی کۆکاتەوە ئاغای خومەینی بکا بە کەسێک کە لە سەروەی هەموو هاوکێشەکاندا رابوەستێ. و بەگشتی لەو سەردەمەدا کاراکتێرێکی کاریزماتیک بە ئاغای خومەینی ببەخشێ.

ئەم خاڵە، خاڵێکی گرینگە بەرای من. بەڵام، دیارە 30 ساڵ ئەزموون نیشانی داوە کە ئاغای خومەینی و حکومەتەکەی زۆر مەودایان هەبووە لەگەڵ ئەم دروشمانەدا. چونکە ئەوان نەیانتوانی کێشەکانی موستەزعەفین چارەسەر بکەن، بەڵکوو ئەوان ئەمڕۆ لە یەکیک لە قەیراناویترین رەوشە ئابوورییەکانی خۆیاندا دەژین و نوقمی ناعەداڵەتی و بێکاری و زوڵم و چەوسانەوە بوون. ئەم باسە دەکەینەوە....

**رزگار:** ئەتوانم کەمێک لە سەر ئەمە بدوێم؟

**کۆسار:** بەڵی فەرموو.

**رزگار:** خۆی ئەو قسەیەی ئاغای شاڵگوونی بە بەراوردێک راستە، چونکە دروشم دەورێکی زۆر گرینگ دەگێڕێ لە ئینقلاب دا. رێبەرێکی هوشمەند ئەو رێبەرەیە کە بتوانێ سود لەو کۆدانە وەربگرێ کە دەبێتە هۆی راکێشانی رای گشتی. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسی رێبەر. بەڵام، ئەم وەهمە کە جەنابیان ئاماژەی پێدەدات، واتە ئاغای خومەینی چەکی ئەساسی (دروشم) لەدەستی ئەمان دەرهێنا، ئاوڕدانەوەیەکە لە تەعامولی هێزی چەپ لەگەڵ چەمکی "گەل" لە ئێراندا. نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە دروشمەکانی هێزی چەپ کاراکتێری چینایەتیان هەیە و پێوەندی هەیە بە ئاستی وشیاری چینایەتی لە ئێرانی ئەو سەردەمەدا. ئێستا هێزی چەپ تا چەند لە توانایدا بووە کار بکات لەسەر ئەم پرۆژەیە، ئەمە گرینگە. ئێستا پاش سی ساڵ ئاوڕدانەوە لە دیاردەی ئینقلاب، دەبێ ئەعسابمان تا ئەو رادەیە ئارام بوویێتەوە کە بەرخوردی ئایدیالۆژیکی بەم پرسە نەکەین. من لە یەک خاڵدا جیاوازی ئایەتوڵا خومەینی لە لایەک و هێزی چەپ و پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی شا لە لایەکی ترەوە بەرجەستە دەکەمەوە کە پێوەندی هەیە بە وتەزای مۆدرنیتە. رێگەم بدە زیاتر تیشک بخەینە سەر ئەم پرسە. سەرەتا دەگەڕێینەوە بۆ پرۆسەی مۆدێرنیزە کردنی ئێران لە لایەن محەمەد رەزا پەهلەوەی. گرینگترین رەهەندێک کە پرۆسەی مۆدێرنیزمی شا ئاراستەی ببوەوە سیاسەتی لیبەرالیزەکردنی ئابوری و پرسی کۆمەڵایەتی بوو. سیاسەتی ئابوری بە حوکمی پیچیدە بوونەکەی کەمتر دەچوە خانەی دەرکی کۆمەڵ، بەڵام سیاسەتی کۆمەڵایەتییەکەی کە هەمان ئینقلابی فەرهەنگی بوو، زیاتر هەست پێدەکرا چوونکە خەڵک لە نێزیکەوە گۆڕانکارییەکانی دەبینی و ئەم گۆڕانکارییانە کارتێکەری عەسەبی خۆی لە سەر خەڵک دەردەخست. تێگێشتنی شا لە سیاسەتی کۆمەڵایەتییەکەی حوکمی کاتالیزۆرێکی هەبوو کە بە خێراییەکی بەرچاو ستایلی ژیانی خەڵک، لە تایبەتمەندییە سایکۆلۆژییەکانی ئێرانی بوونەوە (شەرقی و دینی) بگۆڕێ بۆ ستایلێکی مۆدێرن ( نمونەی غەربی). ئەم گۆڕانە خێرایە بە چەشنێک وەک هەرەشەیەک دەهاتە ژماردن بۆ سەر قەناعەتی دینی، خوو خدەی کۆمەڵایەتی ( کە "پییەر بۆدیێو" بە ناوی هابیتوس ناوزەدی دەکات)، هیراشی باوکسالاری، ئاسایشی بنەماڵە، نۆرم و مەشاعیرەکانی کۆمەڵگا و، تاد. "ماکس ڤیبەر" ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕانە لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک هەرەشەیەک بۆ کۆگەرایی پێناسە دەکا کاتێک کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بە لە قۆناغی ترادیشیۆنییەوە بەرەو مۆدیرنیزم هەڵدەکشێ. لە وەها دۆخێکدایە کە تاکگەرایی پانتای هێژمۆنیای کۆگەرایی دەشکێنێ. سروشتییە ئەم دۆخە خەڵکێک نیگەران بکات کە بە عادەتە سونەتییەکانیەوە راهاتووە و لە ئەنجامدا هەست بە گرفتێک بکا بەناوی "ئانۆمی" یان پاشاگەردانی. واتە ئەو کاتە کە نۆرمەکانی خەڵک،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خواکانی خەڵک، باوەڕەکان و نەریتەکانی خەڵک دەکەونە بەر هەڕەشەی لە دەستچوون و سیستمێکی برۆکراتیک جێگایان دەگرێتەوە.

لەمەڕ هێزی چەپیش، ئەم بابەتە سەلمێندراوە چوونکە یەکەم؛ ئەندێشەی مارکسیستی بە حوکمی فەلسەفی بوونی چەمکەکانی بەتەنیا لە نێو توێژی مامناوەندی (کە ئەوکات کەمینەی کۆمەڵگا بوون) برەوی هەبوو. دووهەم، فەلسەفەی مارکسیستی بە هەمان شێوە پێناسەیەکی مۆدێرن بوو بۆ موهەندیسی کۆمەڵایەتی. سێهەم، گرینگترین مۆتیڤی توێژی چەپ بەرەورووبوونەوە بوو لەگەڵ قەناعەتە ترادیشۆنییەکانی کۆمەڵگا کە لە سەرێدا هاتنە بەر باس ، وەک بڵێی ئیمان هێنان بە خوا گەورەترین کێشەی ئەمان بووبێت. سێهەم، ئۆلگووەکانی چەپ کە وڵاتانی سوسیالیستی ئەو سەردەمە بوون، مەسەلەی مالیکیەتی خوسوسی تێدا حەل کرابوو (بە قەناعەتی مەفهومی ئەو وڵاتانە لە مالەکیەتی عمومی).

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو نموونانەی کە هاتنە بار باس، لە تەواوی گوتارەکانی ئایەتوڵا خومەینی دا تۆ شتێک بە ناوی مۆدێرنیتە نابینیتەوە. ئەگەر کەسێکی لێکۆڵەر دابنیشی و بە پشوو درێژییەوە بە بەڵگەنامەکانی سەردەمی ئینقلاب دا بچێتەوە، بێگومان ئەم بابەتە هەست پێدەکات. لە راستی دا فەلسەفەی راپەڕینی ئایەتوڵا خومەینی لە 14ی جۆزەردانی 1342 دا کە ئەوی وەک بەرهەڵستکاری سیستەمی پاشایەتی و شای ئێران بەرجەستە کردەوە، هەڵوێست گرتن بوو لەهەمبەر دوو مسەوەبەی مەجلیسی میللی ئەو سەردەمە؛ یەکەمیان ناکۆکی قەناعەتی ئەو بوو لەگەڵ گەڵاڵەی کاپیتۆلاسیۆن و، دووهەم دژایەتی کردنی ئەو بوو لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە ڕێگەی بە ئافرەت دەدا مافی دەنگدانی هەبێت. ئێمە بەرە بەرە دەمانبینی کە رەهبەری ئینقیلاب لە سەرەتاکانی 1357ەوە چۆن چۆنی باسی لە "تاغوت" دەکرد، وتەزای "غرب زدگی" کە میراتی "جەلال ئال ئەحمەد" بوو، لەم سەردەمەدا مانا و تایبەتمەندییەکی دیکە وەردەگرێت. گشت پەیڤەکانی ئاغای خومەینی تەوجیبە کردنی ئەو پرۆسەیە بوو کە شای ئێران بە مۆدێرنیزم ناوزەدی دەکرد. پەیامی ئاغای خومەینی، بە دروشمی پشتیوانی لە موستەزعەفین، بەتەواوی رەواندنەوەی ئەم دڵەراوکێیە بوو بە لای خەڵکەوە. خەڵک چەوساندنەوەی چینایەتی لەسەر لادەچێت و خوداشی دەبێ، نۆرم و بەها رۆحییەکانی ژیانەوە بە خۆی دەبینێت و، فۆرمی ژیان بەهەمان عادەتەکانی پێشوو دا دوپات دەبێتەوە و بەگشتی ئیمامی زەمانیشی لێ رازی دەبێت.

لە نەتیجەگیری ئەم شرۆڤەیەدا من نامەوێ ئیدعای ئەوە بکەم کە گەلانی ئێران لەبەردەم دوو ئەڵتەرناتیڤ دا راوەستابوون بۆ هەڵبژاردن، واتە خەڵک لەسەر ئەوە ساغ نەببونەوە کە لە نێوان مۆدرنیەت و سوننەت دا یەکیان هەڵبرێرێ. من دڵنیام ئەگەر خەڵک سەرپشک کرابان کە لە نێوان دوو وشەی سووننەت و مۆدێرنیتە دا یەکیان هەڵبژێرێت، مۆدێرنیەتی هەڵدەبژارد. بۆچی؟ چونکە موتەرادیفی مۆدێرنیەت بە پێی کاریگەری کەشی ئینقلاب فەسڵێکی تازە دەبوو بۆ ژیانی داوی نەمانی سیستەمی پاشایەتی، لای ئێمە بووە بە نەریت کە سوننەت بە قۆناغی پاش خۆمان ببینین و مودێرنیەت بە فەسڵێکی تازە بۆ نێزیک بوونەوە لە ئۆتۆپیاکانمان. کەواتە هیوادارم لەم شرۆڤەیەدا زیاتر سەرنج بدرێت بە کەیفیەتی ستروکتوری ئەم دەستەواژانە، نەک پێوەرە مەفاهیمییەکانی سوننەت و مۆدێرنیتە.

سەبارەت بە پرسیارەکەت، ئەوەی کە ئایەتوڵا خومەینی تا چەند توانیویەتی بەڵێنییەکانی خۆی بباتە سەر، لەو جێیەی کە باس لە مافی موستەزعەفین دەکات. من بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە پێم وایە ئاغای خومەینی بە وەفادار بووە بە بەڵێنییەکانی خۆی، چوونکە لە راستیدا ئەمە زەرورەت و سروشتی هەر ئینقیلابێکە کە بەڵێنییەکانی بباتە سەر. لەبەر ئەوەی کە پایەکانی فەلسەفەی ئینقیلابەکەی پتەوتر بکات لەهەمبەر رەوتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگا. لە بیرت نەچێ کە لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئینقلابی 79دا دەزگای پاڵاوتنی سیستەمی ئیداری وڵات بە خێرایی و بە شێوەیەکی شۆرشگێرانە خەریکی پاکانە کردن بوو لە گەڵ ئەو کەسانەی کە بە "تاغوتی" تۆمەتبار دەکران. کێ جێی ئەمانی پڕ دەکردەوە؟ بە دڵنیاییەوە هێزی ئینقلابی، هەر ئەو هێزەی کە خۆی لە چەمکی موستەزعەف دا دەبینییەوە. ئەم ڕەوتە تا ڕادەیەک پێشرەوی کردبوو، کە شتێک بە ناوی کومیتەکانی ئینقلابی دامەزراند بۆ دابین کردنی نەزم و ئاسایش و بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ گەندەڵی و تاوانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان و تاد. ئەم هێزانە تا ڕادەیەک دەسەڵاتی ئیجرایی و ئیداری و قانونیان پێدرا بوو کە خەڵک وای هەست دەکرد ڕاستەوخۆ لە چارەنووسی وڵات و ئینقلابدا بەشدارە و کاریگەری هەیە.

**کۆسار:** من پێموایە کە ئەگەر بەم شێوەیە شرۆڤەی ئەو دۆخە بکەین و بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاغای خومەینی توانیویەتی دروشمەکانی خۆی لە ویستی کۆمەڵانی خەڵک نێزیک بکا، درەنگ بە ئەنجام دەگەین. لەبەر ئەوەی کە تەنیا جێگۆرکێ کردنی مۆرەکان لە ناو پێکهاتەی سیستەمی ئیداری لە ئێراندا ناتوانێ ئەو دەرەنجامە بەدەستەوە بدات کە موستەزعەفین لەم سۆنگەیەوە بە مافەکانی خۆی گێشتووە چوونکە لە نێو سیستەمدا جێی بۆ کراوەتەوە. بەڵکو بە چەشنێک ئاڵۆزی یان پەرێشانحاڵییەک بە سەر سیستمی ئیداری کۆمەڵگەدا کەوت کە بە دوای ڕۆخانی حکومەتی پاشایەتیدا دروست بوو و، مرۆڤی ناپرۆفیشیۆناڵ توانی بێت و لە پێگە ئیدارییەکاندا جێ بگرێ. ئەمە لە خۆیدا زەربەی هەرە گەورەو کاریگەری لە ئابوری کۆمەڵگە و سیستەمی ئیداری کۆمەڵگەی ئێمە داوە، زەربەی لە فەرهەنگی تەعامولاتی ئیداری ئێمە داوە و لەبنەرەتدا و بە چەشنێک، کۆمەڵگە بە دەست کادێری نا پرۆفێشیۆناڵەوە ئیدارە دەکرا کە دیارە ئاکامی زۆر خراپی لێ کەوتەوە و لە ئەنجامدا ئەو گەندەڵییە ئیدارییەی لێ کەوتەوە کە ئێستەش بەرۆکی سیستەمی ئیداری ئێمەی بەر نەداوە و ڕیشەکانی ئەم دۆخە بە چەشنێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە. ئەمە یەک. دووهەم، من وا نابینم کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە هەوڵ دەدا گوتاری عەدالەتخوازانە بڵاو بکاتەوە چوونکە دەسەڵاتداری ئەو کات نەیانوسیت دەوڵەتی کەمینە قەبووڵ بکەن، واتە بەم چەشنە دەسەڵاتێکی بەرینیان بە دەوڵەت بەخشی و حکومەتی زۆرینە یان چەشنێک سیاسەتی ناوەندگەراییان دارشت، واتە حکومەتێک کە بەهەر حاڵ بەرنامەرێژییەکی یەکانگیری هەبوو و هەوڵی دەدا لە شێوەی حکومەتە ناوەندگەراکان لە جۆری یەکیەتی سۆڤییەت دروست بکا و بەرێوەی ببا. ئەمە دەوڵەتی پاش ئینقلاب یان دەوڵەتی ئینقلابی بوو، بۆیە چەپگەراتر بوو لە دەوڵەتەکانی دوای خۆی. ئەو دەورەیە دەورەیەک نەبووە کە تەنیا خودی ئەو توێژە کە ئێمە پێیان دەڵێین موستەزعەف و لایەنگری خومەینی بوون، ئەمانە سرفەن لە ئیدارەکردنی دوڵەتیشدا سەروکاریان هەبێت. ئەو دەوڵەتە بە چەشنێک پێکهاتەیەک بووە لە فەرمانبەری کارزان و خوێندەوار و مرۆڤی موتەعەهید. بە تێپەبوونی زەمان، بە قازانجی مرۆڤی موتەعەهید، فەرمانبەرە پرۆفێشیۆنالەکانیان دەرکرد. پاکانەیەکی بەربەرین لە ئاستی ئیدارەکاندا ، لە ئاستی ئۆرگانە بەرزەکان تا ئۆرگانە بچووکەکان و تەنانەت لە سیستەمی پەروەردەیش دا مامۆستایەکی یەکجار زۆر دەرکران. کە ئەمانە هەموویان لایەنگری سیستەمی پاشایەتی نەبوون. بەڵکوو ئەمانە بەشی زۆریان ئینقلابی بوون، هێزی ئینقلابی بوون.

ئێمە کاتێک چاو لە پرۆسەی بەرێوەبردنی دەوڵەت دەکەین، چاو لە ساڵێک و شەش مانگی یەکەم ناکەین، بەڵکوو چاو لە پرۆسەیەکی چەندین ساڵە دەکەین. لە کۆمەڵگەی خۆمان بە تایبەتی لە کوردستان، دیتمان و شاهیدی ئەوە بووین کە خەڵکێکی زۆر لە ئیدارەکاندا دەرکران و ئەمانە هەموویان پرۆفێشیۆناڵ بوون. بەشێکی هەرە باشی ئەمانە لایەنگری ئۆپۆزیسیونی چەپ و دیموکراتیک بوون. ئەوانە نەیانتوانی لە نێو ئەو فەزا قورس و حیزبولاهییەدا کە بە سەر ئۆرگانەکانی ئەو کات و دەوڵەت و نیزامی ئیداریدا زاڵ بوو، هەڵ بکەن و بەردەوام بن. ئەمانە خۆ هەموویان سەڵتەنەت

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەڵەب نەبوون. ئەو تەیفە کە لە ناو سیستمتی بەڕێوەبەری بەرزی ئیداری سەردەمی شا دا حکومەتیان ئیدارە دەکرد و، بەڕێوەبەری کۆمەڵگەیان لە بەردەستدا بوو، ئەوانە لە دەمی رووخانی حکومەتی شادا هەڵاتن، یان وازیان هێنا، بەڵام پێکهاتەی سیستەمی حکومی فەشەلی نەهێنا. یانی پاشکەشەی ئەوان لە دەوڵەت، دەوڵەتی لەبەر یەک هەڵنەوەشاند. بەو مانابیەی کە لە هەموو پیگە ئیدارییەکان دا، کۆمەڵێکی دیکە هەبوون، کەسانی شارەزا و کارناس و زانا. پێشتر لە سەردەمی پێش سەرکەوتنی ئینقلابدا رێژەیەکی زۆر ئینسانی خوێندەوار لە ئیدارەکان هەبوون کە هیچکامیان موتەعەهید نەبوون بە شا، بەڵکوو خۆیان بە موخالیفی دەزانی. کەچی هەر ئەمانە ئیدارەکانیان راگرت.

لە لایەکیترەوە موستەزعەفین، وەک چۆن دەوری ئاغای خومەینییان گرت، بە لێشاو چوونە جبهەکان و کوژران. تۆ سەیر بکە، یەک خاڵی زۆر جددی لەم بەینەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تەعەهوداتی دینی و ئیسلامی کارێکی کرد ئەم توێژە لە رووی وشیاری سیاسی و چینایەتیەوە لە ئاستێکی نزمدا بن، بەم چەشنە بوو کە توانیان گرایش پەیدا بکەن بە حکومەتی کۆماری ئیسلامی. ئاغای خومەینی کەسێکی موجتەهید و فەقیهە بوو، فەرقیکی جددیی لەگەڵ کەسێتییە سیاسییەکانیتردا هەبوو. لە ناو ئەحزابیتردا کەسانی سەرناس و بە توانا بوون بەڵام زەرورەتی رێبەری ئەو لە موجتەهیدبوونییەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەم موجتەهیدێک بوو کە خەڵکی موسڵمانی شێعە ئیقتدای پێ دەکرد. پەیڤ و گوتارەکانی ئەو جیاوازی هەبوو لەگەڵ قسەی تەکنۆکراتیکدا یان قسەی مامۆستای زانستەگەیکدا یان هی کەسێکی تردا کە خوێندەوار بوو و لە حیزبێکی تردا بوو. کەواتە ئەو لە ئاستی حەوزەی خۆیدا توانی نفووز بکا. نفووزی بەرینی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەلیلە. ئەو لە دوو بارەوە بردییەوە، یەکێ ئەوەی کە رێبەرێکی مەزهەبی بوو، دووەم، هاوەسیر بوو لەگەڵ گرایشی گشتی کۆمەڵگەی ئێمەدا کە مەزهەبییە. بەڵێ ئەو توانیبووی لە نێو ئاستێکی بەرینی موستەزعەفیندا نفووز پەیدا بکا. بەڵام ئەم نفووزە، نیشانەی عەداڵەتخوازی نەبوو و سەرەنجام وای لێ نەهات کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە دروشمەکانی خۆی وەفادار بمێنێتەوە.

**رزگار:** ئەمەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی دەشێ خۆی لە حەوزەی خەسارناسی (ئاسیبشناسی) ئینقلاب دا ببینیتەوە. با ئێمە لە باسی دیاردەشناسی تێپەڕین و زیاتر بگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوەی کۆنتێکس. چونکە ئەگەر قەرار بێت ئەم باسە لەسەر زەمینەیەکی دیاردەشناسی بەردەوام بێت، نەک هەر ئەو قەناعەتەی تۆ بگرە بە سەدان قەناعەتی دیکە دەتوانێ دروست بێت.

بە بۆچوونی من، بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە لەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، تاریخ دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی رەمزەکان و زەمینەکانی سەرهەڵدانی روداوە مێژوویەکان، کە یەک لەوان دروشمەکانن. مێژوو خۆی بەوەوە سەرقاڵ ناکات کە بە شێوەیەکی پێشبینییانە ئاراستەی سیاسەتی ئینقلاب لە مەرحەلەی نوێیدا شرۆڤە بکات کە داخوا بەرەو چ ئاقارێک رۆشتووە، یان چۆن کەڵکی سیاسی و ئامێرئاسا لەم دروشمانە وەردەگیرێت، چوونکە ئەمە قۆناغیکی دیکەیە لە تاریخ دا.

**کۆسار:** خاڵیکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەین و ناچارین کەمێکیش بگەڕێینە دواوەوە، ئەوەیە کە ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی بنەماڵەی پاشایەتی هەبووە لە ئێران دا. یان باشترە بڵێم کێشەیەکمان بە ناوی ئیستبدادی پاشایەتی هەبووە. لە مێژووی ئێراندا ئەگەر لە دەورەی هەخامنشییەوە حسیب بکەین تا سەردەمی رژیمی پەهلەوی، گەلێک بنەماڵە و سلسلەی پاشایەتی لە مێژووی ئێراندا توانیویانە بە نۆرە لە ئەنجامی شەڕ و کودتا و هێرش و هەر چەشنە میکانیزمێکیترەوە دەسەڵات بە دستەوە بگرن و لە دەورەیەک دا خاندان و بنەماڵەکانی خۆیان بهێننە سەرکار. مێژووی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێران پڕە لە ململانێی نێوان پاشاکان. پاشایەتی لە ئێراندا بە شێوەیەکی سیستماتیک نەبووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەمەی کە تاریخی 2500ساڵە لە سەردەمی پاشایەتی حەمەرەزا شای پەهلەوی دا مەترەح کرا، تاریخێکی سیستماتیکی پشتاوپشت نییە کە بەهەر حاڵ لە شوێنیکەوە دەستی پێ کردبێ و هاتبێت و، کوڕ دوای کوڕ و، پشت دوای پشت، وەکو سلسلەی پاشایەتی لە ئۆرووپای سەدەکانی پێشودا تا کوو ئەمڕۆ درێژ بووبێتەوە. بۆیە بە چەشنێک مێژوویەکی پچڕ پچڕە. بەڵام ئەم بەشە لە مێژووی ئێران، خاڵێکی هەرە جددی کە هەیبووە - لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشەکانی دەسەڵات لە ئێراندا- ئەوە بووە کە سەرجەمی ئەم پاشایەتییانە و بە تایبەت لە دەورەی قاجارییەکانەوە بەرەو ئەم لا بە تەواوەتی ئیستبدادی بوون. یانی ئەگەر دەسەڵات گۆرابێ، نەیتوانیوە فەزا بکاتەوە، بەڵکوو ئیستبدادیتری کردووە و زیاتر داخراو بووە. ئەگەر لە پیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی رەزا پەهلەویدا تماشا بکەین، دەبینین بە دوای ئاخرین پاشای قاجارەکاندا وەزعییەتی کۆمەڵگەی ئێران ئاڵۆزتر دەبێ و بە هەر حاڵ لەوێ وەزعییەتێک دروست دەبێ کە بنەماکانی ئینقلابی مەشرووتە سەرهەڵ دەدا. ئینقلابی مەشرووتە سەرهەڵ دەدا بە گوتار و دروشمی تایبەت بە خۆیەوە کە پێشتر نموونەی نەبووە. ئینقلابی مەشرووتە کارتێکەی خۆی لە سەر سەردەمی دوای خۆیدا جێ هێشت، ئەگەرچی بۆ خۆیشی لە ژێر کارتێکەری ئینقلابەکانی دەوروبەریدا بوو، وەک ئینقلابی رووسیە. بەڵام خاڵێکی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە شۆرشی مەشرووتەش نەیتوانی کێشەیەک بە ناو کێشەی ئیستبداد لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا چارەسەر بکا. باسێک کە لێرەدا مەترەحە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێران رووی لە پێکهاتەی دەسەڵات بووە، رووی لە فەرهەنگی سیاسی نەبووە. بە چەشنێک کە بتوانێ لە دوا قۆناغ دا بنەمای حکومەتێکی دیموکراتیک دابرێژێ. بۆیە ئەگەر ئەم درامایە لەگەڵ ئینقلابی ساڵی 79دا مەزندە بکەین، دەبینین ئینقلابی 79ئینقلابێک بووە کە ئەویش روو لە دەسەڵات بووە، واتە تەنیا بۆ رووخاندنی دەسەڵات بوو. بە بێ ئەوەی کە هیچ زەمینەیەکی فەرهەنگی مەترەح بکری بۆ دارشتنی بنەماکانی سیستمێکی دیموکراتیک. بۆیە کەم تا زۆر ئەو کێشەیە هەر درێژەی هەیە، یانی کێشەیەک بە ناو کێشەی ئیستبدادی سیاسی و گەشەنەکردنی کولتوری سیاسی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. بۆیە ئەگەر ئەم مەسەلەیە لەبەرچاو بگرین دەبینین کە ئینقلابی ساڵی 79 دژ بە حکوومەتێک بوو کە حکوومەتی ئیستبدادی بوو، بەڵام بە دوای ئەودا حکومەتێکی ئیستبدادیتری هاتە کایەوە کە لە واقیعدا سەد قات زاڵمتر بووە.

من حەز ئەکەم بزانم، ئێستا کە سی ساڵ بەسەر دروست بوونی ئینقلابی ساڵی 79 تێپەریوە و ،کۆمەڵگە بەنێو کۆمەڵێک قەیران و قۆناغی تایبەتدا تێپەریوە وەک، شەڕی 8ساڵە، قۆناغی سازندەگی، دەورەی دووی خورداد و، دەورەی ئەحمەدی نەژادیش خەریکە تەواو دەبێ، تۆ پێت وایە کە ئینتخابات -کە بە هەرحاڵ ئەساسی بەحسەکەی ئێمەیە- دەتوانێ لە رەواندنەوەی ئیستبدادی سیاسی لە ئێرانی ئێستادا کاریگەر بێت؟

**رزگار:** ئاماژەیەکی جوانت دا بە دەورەکانی مێژوو. پرسیارێک کە لەم باسەدا دێتە گۆرێ ئەوەیە کە بۆ چی ئێمە هەمیشە رێگاچارەکان لە ئینقلابدا دەبینین؟ لە کاتێکا ئەزموون و دەرئەنجامی ئینقلابەکان ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە ئەم چەشنە لە گۆران ئەوانی لە چارەنوسی ئیستەبداد رزگار نەکردووە. بەڵام، رێگەم بدە ئەم پرسیارە بە زەمینەی تەرەحی مەسەلەکەی تۆوە زیاد بکەم و، ئەویش ئەمەیە کە؛ ئینقلاب لە چ جۆرە وڵاتێک یان سیستەمێک دا روو دەدات؟ بەرلەوەی بەم پرسیارەدا بچمەوە پێم خۆشە ئاماژە بەوە بدەم کە بەرز کردنەوەی ئەڵتەرناتیڤی ئینقلاب بەڵگەیەکی شمولی نییە، بەو مانایەکە وڵات یان سیستەمێک کە نیازی بە گۆران هەیە، ئینقلاب وەک تاکە ئاڵتەرناتیڤ بۆ گۆران لەبەرچاو دەگرێ. بۆ گۆران ئاڵتەرناتیڤی دیکە هەیە کە ئەویش رێفۆرمە. بە بۆچوونی من فۆرمی گۆران لە رێگەی ئینقلابەوە ئاماتۆریانەیە و،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فۆرمی گۆران لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە پرۆفوشیۆناڵە. بۆچی ئینقلاب تەرحێکی ئاماتورانەیە؟ چوونکە زەمینەیەکی مۆدێرن بۆ گۆران لەو وڵاتانەدا بەدی ناکرێت کە ئینقلابیان تێدا دەکرێت و، توخمە سەرەکییەکانی ئینقلابیش ئەو جەماوەرەیە کە لە پنتکەکانی خوارەوەی کۆمەڵگادا دەژین و بێگومان لەم دۆخەدا هەرچەشنە گۆرانێک بەرەورووی خاڵی دەسەڵات دەبێتەوە. بەڵام لە وڵاتانی مۆدێرن پۆتەنسیەلی ڕیفۆرم یان باشترە بڵێم مەجالی ڕیفۆرم بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک بەدی دەکرێت. هەربۆیە بە شێوەیەکی پرۆفێشیۆناڵ لە ڕیگەی موهەندیسیی کۆمەڵایەتی یان کارناسانی ئابوری و سیاسی پلانی بۆ دادەرێژرێت و کۆمەڵگاش خوێندنەوەی بۆ دەکات و لە ئەنجامدا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەنگی بۆ دەدات.

بابێینەوە سەر وڵامی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت لە چ وڵات یان سیستەمێکدا ئینقلاب دەکرێت. بێگومان قەت پێشبینی ئەوە ناکرێت کە بۆ نموونە لە وڵاتی بریتانیا، فەرانسە، وڵاتانی سکاندیناوی و بەگشتی وڵاتانی مۆدێرندا ئینقلاب بکرێت، چونکە زەمینەی ئینقلاب لەم وڵاتانە دا بوونی نییە و تەنانەت ئەسڵەن زەرورەتی نییە. ئەگەر چاوێک لەو وڵاتانە بکەین کە ئینقلابیان تێدا کراوە دەبینین کە سیستەمێکی سەرەرۆ و توتالیتەر لەم وڵاتانە دا حوکم دەکات. بەڵام، ئەوەی کە لەم میانەیەدا بەرجەستە دەکرێتەوە ئەوەیە کە بۆچی ئۆپۆزیسیۆنی بەرامبەر، ئێنێرژی خۆی بۆ سەرهەڵدانی ئینقلاب ترخان دەکات؟ چما لەم چەشنە وڵاتانەدا نوخبەی دیکە لە ئارادا نییە کە لە حەولی دیمۆکراتیزە کردنی سیستەمی بەرێوەبەری بێت؟ ئەمانە و کۆمەڵی پرسیاری دیکە لەم زەمینەیەدا بەرجەستە دەبێتەوە، بەڵام ئەو شتەی کە لەم میانەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە حاکمی سەرەرۆ و ئۆوپزیسیۆنی بەرامبەریشی لە باری سایکۆلۆژیەتی سیاسییەوە هەڵقولاوی زەمینەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتین. ئەمە لەو حاڵەتەدا باشتر دەرک پێدەکرێت کە سەرنج بدەی بەو وڵاتانەی کە ئۆپۆزیسیۆنی چالاک دەوری سەرەکی و بنچینەیی دەگێریت بۆ بەرهەڵستکاری، لەو شوێنانە دەسەڵات بە رادەیەک مافیایی دەبێتەوە کە دەڵێی چارەنوسی وڵات هەر لەگرەوی پلاندارشتنی حیزبی ئۆپۆزیسیۆنیدایە. ئەمدۆخە هەر چەشنە چارەسەرییەک فەلەج دەکات کە پێوەندی هەبێت بە مشارەکەت لە سیستەم و تەئسیرگوزاری لە پرۆسەی بە دیمۆکراتیک کردنی سیستەم  کە لە ڕێگای نیهاد و نوخبەی ناو کۆمەڵگاوە حەولی بۆ بدرێت. دیارە حەولی بە ئیفلیج کردنی مێکانیزمی ڕیفۆرم هەمیشە پلانێکی هاوبەش بووە کە لە لایەن ئەم دوو جەمسەرەوە کاری بۆ کراوە، باشترە بڵێم ئەمە خەونێکی هاوبەش بووە هەم بۆ دەسەڵاتی سیاسی و هەمیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی بەرامبەری، کە ئەم هێزانە فەلەج بکرێن.

ئەگەر لە باری پێکهاتەناسییەوە ئاوڕ لە ئینقلابی ئێران بدەینەوە، دەبینین کە ئەم ئینقلابە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە دوو سوننەتی لە گەڵ خۆی هێناوە؛ کە یەکەمیان پرسی هەڵبژاردنە و، ئەوەی تریان بەرهەمهێنانەوەی تەیفی جیاوازە لە هەناوی دەزگای دەسەڵات دا. ئێستا لە نێو دەزگای دەسەڵات دا ئێمە لەگەڵ چەمکگەلی وەک ڕاست، چەپ، ئۆسوولگەرا، ئیستەڵاحتەلەب و... بەرەورووین. ئەوەی کە لەم میانەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە سی ساڵی ئینقلاب وچەیەکیشی پێگەیاندووە کە خاوەن مێژووی خەباتی مەدەنییە. بزاڤی مەدەنی لەم ماوەیەدا گۆرانێکی بەرچاوی لە چەمکی کۆمەڵگا و پرسی شارومەندی دا بەدی هێناوە کە پاشەکشە پێ کردنی لەلایەن ڕێژیمەوە ئەستەم دەبیندرێ. ستراتیژی ئەم خەباتە و پانتاکەی، بە رادەیەکە کە دەزگای دەسەڵاتدار ناتوانێ خۆی لێ نەبان بکات و وەک فارس کوتەنی بۆی بووە بە چالشێکی جیددی بۆ ئەوتیرێتەی دەسەڵاتداران لە ئێراندا. ئێستا بەم راڤەیە، بەو ئەنجامە دەگەین کە دۆخی ئێستای دەسەڵات لە ئێران دا جیاوازی هەیە لەو راڤەیەی کە لەسەرێدا ئاماژەی پێدرا. کەواتە شانسی ئاڵتەرناتیڤی ئینقەلاب لەم میانەیەدا کەمترە، بەڵام هەر بەو رادەیەیش هەوڵدان بۆ دیمۆکراتیزەکردنی سیستەم بەرەورووی کۆمەڵێ ئاستەنگی گەورە بوەتەوە. ئەم ئاستەنگانە یاسایین، بەڵام نەهادینە نین. نەهادینە نین چوونکە لەبەردەم ڕەخنەی کۆمەڵەی مەدەنیدا راوەستاوە و تەنانەت لە لایەن توێژی رۆشنبیری دینی نێو نیزامیشەوە نەقد دەکرێن و، ڕەنگە لە درێژخایەن دا دەسەڵات ناچار بکرێت کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خوێندنەوەیەکی نوێ لەم یاسایانەدا بکاتەوە کە رێگرە لەبەردەم دیمۆکراتیزە کردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. بە بروای من شانسی ئەوەی کە دەزگای دەسەڵاتدار ناچار بەوە بکرێت کە پێداچوونەوە لەم یاسایانە دا بکاتەوە بەندە بەوەی کەئەم هێزە مەدەنییانە تا چ رادەیەک سوود لە پاڵنەری عەقڵانی وەردەگرن بۆ گۆڕان و، تا چ رادەیەک زەرووریەتی دیمۆکراتیزە کردنی سیستەم و کۆمەڵگا لەلای حکومەت و کۆمەڵ تەفهیم دەکا. بێگومان یەکێک لەم پاڵنەرانە پرسی هەڵبژاردنە و بەرجەستە کردنەوەی زەرورەتی بەشداری کردنی لایەنە جیاوازەکان لە دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری، پارلەمان و شۆرای شارەکان دا. ئەم پرۆژەیە زۆر ئەستەمە، بە سەرنجدان بەو ئاستەنگانەی کە لەبەر دەم یاسای هەڵبژاردن لە ئێراندا هەن، بەڵام دوور لە ئیمکانیش نییە. تەجرەبەی 2ی خورداد و دوای ئەویش، ئەو ئیدەعایە دەسەلمێنێ کە ئەم ململانێیە زۆر ئەستەمە، بەڵام بێ نەتیجەیش نەبووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پرسی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێران

## (بەشی دووهەم)

لە گفتوگۆیەکی کراوەی نێوان کۆسار فەتاحی و رزگار ئەمین نەژاد دا

**کۆسار-** تۆ لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا قسەت لە پرۆسەیەک کرد بە ناوی موشارەکەت. ئێمە دەزانین کە لە حکومەتە دیموکراتییەکاندا، خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە هەوڵ دەدەن بەشداری بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی ژیانی خۆیان. لە دیموکراسییە مۆدێرنەکاندا - کە مێژوویەکی دەوڵەمەندیشی هەیە- خەڵک نوێنەری خۆیان دەنێرنە ئەو شوێنەی کە بە هەرحاڵ ناوەندی بڕیارە و لەوێوە کاریگەری خۆیان دادەنێن.

ئێستا لە پیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێراندا ئێمە حکومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامیمان هەیە کە بە پێی پێوانە دێمۆکراتیکەکان نادیموکراتیکە، بەڵام هەڵبژاردنمان هەیە کە ئامێرێکی دیموکراتیکە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا تۆ پێتوایە بەڕێوەچونی هەڵبژاردن لە ئێراندا بە مانای ئەوەیە کە حکومەت هەوڵ دەدا وەفادار بێت بە میکانیزمە دیموکراتیکەکان بۆ بەشداریکردنی خەڵک، یان ئەوەی کە لە بنەڕەتدا ئەم میکانیزمانە بە شێوەیەکی زۆر کۆنترۆڵکراو لە دەستی خۆیدا رادەگرێ و بە چەشنێک بەنێو پاڵاوگەی خۆیدا تێدەپەڕێنێ و، لە ئەنجامدا شتێک بە ناوی هەڵبژاردنی کۆنترۆڵکراو بە ئاکامی دڵخوازەوە بە دەستەوە دەدا. بە شێوەیەکی کۆنکرێت پرسیارەکەم ئاوا تەرح دەکەم کە تۆ پێتوایە هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامی لە چەشنی هەڵبژاردنە لە وڵاتە ئازادەکان دا؟

**رزگار-** ڕێگەم بدە بەرلەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئاوڕدانەوەیەکی ساختارشناسیمان هەبێت لەمەڕ جیاوازی ستروکتوری دەسەڵات لە نێوان ئەم دوو سیستەمانە کە تۆ ئاماژەت پێدان. دوو چەمکی گشتی هەیە بۆ پێناسە کردنی ستروکتوری دەسەڵات؛ کە یەکەمیان بە فۆرمێکی هەرەمییە و ئەوەی تریان فۆرمێکی ئاسۆییە. ستروکتوری دەسەڵات لە فۆرمی هەرەمی دا، لە ترۆپکی هەرەمەکەوە خۆی ئاراستەی سیستەم دەکاتەوە. لە زۆر یەک لە سیستەمەکان یەک نەفەر یاخود حیزبێک چارەنووسی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لەوێوە دەسەڵات چێن بە چێن بەسەر لایەکانی دیکەی سیستەم دا دابەش دەکرێت. بە پێچەوانەوە، لە فۆرمی دەسەڵات لە چەشنی ئاسۆیی دا، تۆ خاڵێک نابینی کە دەسەڵات لەوێوە ئیعمال کرابێت، بەڵکە دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستەماتیک لەنێوان فونکشیۆنەکانی سیستەمدا دابەش کراوە و هەرکام بەپێی قورسایی خۆی و شوێنی لە کۆمەڵگەدا دەسەڵات ئیعمال دەکات. ئەم فۆرمە پێناسەیەکە بۆ چەمکی دەسەڵات بە لای سیستەمە دێمۆکراتیکەکان. ئێستا بەم پێناسەیە لە ستروکتوری دەسەڵات دەبینین کە بەراورد کردنی ئەم دوو سیستەمانە لەگەڵ یەکتر زۆر ئاستەم دەنوێنێت.

خۆی لە پیوەندی بە هەڵبژاردنیشدا بەراورد کردن لە نێوان ئەم دووانەدا هەر زەحمەتە. من پێم وایە لەو شوێنەی کە پێوەندی هەیە بە میکانیزمی هەڵبژاردن، چ لە ئێران و چ لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکاندا هاوچەشنییەکەک دەبیندرێت، چوونکە پرۆسەی دەنگدان و دەرەنجامی دەنگدانەکان خاوەن قاعیدەیەک یان بڵێین ستانداردێکی هاوبەشە. بەڵام جیاوازی لەنێوان ئەم سیستەمانەدا لە دوو خاڵی بنەڕەتیدا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەریتین لە؛ یەکەم ،کارکردی پرۆسەی هەڵبژاردن و، دووهەم یاسامەندییەکانی بەربژاردنی پاڵیوراوەکان. ڕێگەم بدە ئەم جیاوازییە لە نموونەی پرسی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەرجەستە بکرێتەوە. لەمەڕ کارکردی هەڵبژاردن لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکاندا دەبینین کە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چاوەڕوانییەکانی گەل لە چوارچێوەی ئەو پرۆژانەدایە کە کەسی بەربژێرکراو ئاراستەی دەنگدەرانی دەکات. ئەم پرۆژانە کە کەسی بەربژێرداو ئاراستەی دەنگدەرانی دەکاتەوە، خاوەن زەمینەیەکی عەقلانییە، واتە پرۆژەکەی و میکانیزمەکانی ئیجرایی ئەم پرۆژانە بەڵگەمەندن و کەرەسی عەمەلی کردنیان لە ئارادا هەن. ئەم بابەتە لەمەڕ ئێران تەنیا لە چوارچیوەی بانگەشەدا مەحدود دەبیتەوە. بۆ نموونە لە بیرمانە کە هێندێ لە بەربژێردراوەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆماری بەرلەوەی پرۆژەکانیان و میکانیزمی ئیجرایی ئەم پرۆژانە بخەنە بەردەم دەنگدەران، هەڵدەستان بە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێ بەڵێنی. لەم میانەدا هیچ مەرجەعێک لەوانی نەپرسیەوە کە داخوا چ گەرەنتییەک بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم بەڵێنیانە لە ئارادایە.

سەبارەت بە یاساکانی بەربژارکردن، لە سیستەمە دێمۆکراتیکەکاندا دەبینین کە مەرجەکانی خۆ کاندیدکردن لە سۆنگەی ئایدیالۆژییەوە نین. واتە هەرکەسێک، بە هەر ناوێ، بە هەر قەناعەتیکی دینی، نەتەوەیی، رەگەزی (نێر یان مێ) و تاد، شانسی خۆ کاندید کردنی پێدەدرێت. بە واتایەکی دیکە لەم سیستەمانە دا مەرجەعی هەڵبژاردن گەلە و، حکومەت تەنیا دەتوانێ شانسی خۆ کاندید کردن بە شیوەیەکی دادپەروەرانە بگەرێنێتەوە بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵ. بەڵام لە سۆنگەی یاساکانی بەربژاردن لە ئێران ئەم بابەتە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. مەرجەعییەتی گەل بۆ پرسی هەڵبژاردن دەکەوێتە ئاخرین قۆناغەکانی پرۆسەی دەنگدان. ئەگەری شانسی خۆ کانیندکردن بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵ زۆر زەعیفە و تەنانەت دوور لە دادپەروەرییە. بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم زیاتر لە 75لە سەتای تاکەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران مافی خۆ کاندیدکردنیان لێ زەوت کراوە بە پێی یاساکانی هەڵبژاردن، ئەگەر سەرنج بدەین بە مەرجەکانی خۆ کاندید کردن کە لە قانونی ئەساسیدا هاتوە و دەڵێت کە تەنیا "رەجال" مافی خۆ کاندید کردنی هەیە واتە ژنان لەم مافە بێبەری کراون و، هەروەها لەو شوێنەی کە دەڵێت کەسی کاندیدکراو دەبێت خاوەن مەزەبی رەسمی وڵات بێت. کەواتە من پێموایە قۆناغی هەڵبژاردن بە مانای دیموکراتیبوونی کۆماری ئیسلامی نییە، نەک من تەنانەت خودی نیزامەکەش ئیعتراف بەو شتە ناکا.

بەڵام لە پرسیاری پێشوودا ئاماژەیەکی جوانت کرد. وتت ئەگەر قەرارە خەڵک لە رێگەی پرۆسەی هەڵبژاردندنەوە دەنگ و ویست و داواکانی خۆی بە دەوڵەت بگەینێ، دەبێ کێ هەڵبژێرێ کە سەلاحیەتی نوێنەرایەتی ئەوی هەبێت، ئەم کەسانە بە نێو چ پاڵاوگەیەکدا تێ دەپەڕن، جا بۆ سەرۆک کۆماری بێ، یان نوێنەرایەتی پارلمان یان شتی دیکە. بەڵام گرفتێک کە ئەمن لەم باسەدا هەمە ئەوەیە کە ئێمە بە بەگشتی چۆن لە چەمکی حکومەت و دەوڵەت تێدەگەین؟ ئێمە تەواو لە رەهەندی سیاسی - یان وا باشترە بڵێم لە بەد عادەتییەوە - خوێندنەوەمان هەیە بۆ پرسی هەڵبژاردن. سەرەتا ئێمە دەبێ هەڵاواردنێکمان هەبێت لە نێوان چەمکی حکومەت و دەوڵەت، جا لەم تێگێشتنەوە دەتوانین خۆمان لە وڵامی ئەم پرسیارەی تۆ نێزیک بکەینەوە. بەگشتی حکومەت، بە نیزام یان سیستەمێکی دەسەڵات دەڵێن کە حاکمیەت دەکات، بەڵام دەوڵەت لە پیوەندی بە ئیجرائیاتی سیستەمی بەرێوەبەری و پلاندانان دا پێناسە دەکرێت کە سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران بە کابینەی وەزارەتەوە لە پشتی ئەم بەرپرسایەتییە راوەستاوە. لای ئێمە تێگێشتنێک هەیە کە پێی وایە خەڵک دەنگ دەدەن بە نوێنەرێک کە کار لە سەر پرۆسەی کەلانی سیاسی دەکا. لە حاڵێکدا ئەمە بە پێچەوانەی عەمەلی کارەکەیە. خەڵک دەنگ بە کەسێک دەدات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پلان و پرۆژەکانی کەسی بەربژێردراودا دەبینێتەوە. بەڵام لەو جێیەی کە قەرارە خەڵک لە رێگای دەنگدانەوە بیر لە گۆرانی شتە ئەساسییەکان بکاتەوە کە لە دەسەڵاتی نیهادە ئیجرائییەکاندا نییە، لەو شوێنە گرینگی رێفراندۆم یاخود ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکە دێتە ئاراوە. بەڵام ئەوەی کە خەڵک بێن و ئەم پرۆژانە، واتە دەنگدان بە نوێنەرانی مەجلیس و نیهادە ئیجراییەکان بایکۆت بکات، نەک تەنیا

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەبەستی سەرەکی خۆی ناپێکێت، بەڵکە شانسی بردنەوەی جیناحی موحافیزەکار دەباتە سەرەوە و، لە وەها دۆخێکدا مەیدانی عەمەلی کردنی پلانە ئایدیالۆژیکەکانی تەیفی موحافیزەکار زیاتر فەراهەم دەکات.

بۆ نموونە پێشتر نوێنەرە پاڵێوراوەکان کە دەچوونە مەجلیس بە تەواوی لە لایەن خەڵکەوە بایکوت دەکران. ئەمان بە هیچ جۆرێ لە مەجلیسدا وەکیلی میللەت نەبوون چوونکە نەهاتبوونە نێو پرۆژەی دەنگدانەوە هەر بۆیە پرۆژەکانیان بۆ ئاوەدان کردنەوە و چارەسەر کردنی گرفتی خەڵک زۆر لاواز بوو، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی کە خەڵک پرۆسەیەکی شک نەدەبرد بەناوی رەقابەت. دەزگای حاکمە بە تەواوی لە فکری پلان دارشتن دا بوو بۆ یەکدەستکردن و یەکدەنگ کردنی مەجلیس. لە بیرم دێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری یەکێک لە شارەکان خەڵک زۆر بە کەمی بەشداریان کرد لە هەڵبژاردن دا، بەڵام کار بەدەستانی رێژیم هێزەکانی پادگانیان هینا و دەنگیان بۆ ئەو نوێنەرە کۆ کردەوە و ئاکامی هەڵبژاردن بە ویست و دواخوازی دەزگای حاکمە چووە پێش. نەبوونی حوزوری خەڵک، وای کرد کە رەقابەتێک لە بەینی وەکیلەکانی خەڵکدا دروست نەبێ. بەڵام ئێستا دەبینین ئەم شتە تەواو بە پێچەوانەیە. ئێستا خەڵک لەبەردەم کۆمەڵێ گوزینەدا رادەوەستێت و دەنگ دەدا بە کەسێک کە سەلاحییەتی نوێنەرایەتی کردنی ئەوانی تێدایە، واتە ئەم کەسە دەبێ گوێ لە دەنگی میللەتەکەی بگرێ و دەنگی خەڵکەکەی خۆی لە پارلمان دا بەرز بکاتەوە. تۆ پێتوانییە گۆران دروست بووە حەتا لە نێو نوێنەرەکانی مەجلیس دا؟ ئەمرۆ ئێمە بارها دەبینین کە نوێنەری مەجلیس نامەی ئیعترازی دەدا بە سەرۆکی پارلمان. بەڵام تا دوێنێ وا نەبوو. نوێنەری مەجلیس لیباسێکی کوردیی جوانی لەبەر دەکرد، بەس لەبەر خاتری ئەوەی کە سەمبولێک بێت و بۆ پیشان دانی بەشداریکردنی کەمە نەتەوەکانی ئێران و، ئیتر مەتەقی لێوە نەدەهات.

**کۆسار**- لێرەدا دوو سێ شت مەترەحە وەک، نەخشی خەڵک لە هەڵبژاردندا، وەزعییەتی گشتی کۆمەڵگە، و ئەوە کە نوێنەرەکان خۆیان چین و چی دەتوانن بکەن. لە هەرکام لەم سێ حاڵەتەدا چەند حەقیقەتێکی موسەلەم هەیە. لە هەر پرۆسەیەک و لە ناو هەر وڵاتیک و موشەخەسەن لە ئێرانی ئێمەدا کە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهێزە و بەهەر حاڵ خەلک و دەوڵەت لە کیشمەکێشدان، بە پێی تێگەیشتنێک کە هەیە، سێ تەیف لە نێو کۆمەڵگەدا هەن کە لە ئاست مەسەلەی هەڵبژاردن دا هەڵوێستی خۆیان هەیە. تەیفێک کە بەشیوەی ئۆتوماتیکی لە هەر وەزعییەتێکدا دەنگی خۆی دەدا. ئەمە تەیفیکی موحافیزەکارە و بە جۆرێ لە جۆرەکان زیاتر لەگەڵ دەسەلاتدا دەگونجێ و دەنگی خۆی دەدا و دەروا. تەیفێک هەیە کە بە هەر حاڵ بە نەوعێک دەنگ نادا و لە بنەرەتدا سەرجەمی ئەم هەڵبژاردن و حکومەت و ئەم جۆرە شتانەی پێ سناریویە و مەحکومی دەکا و تەحریمی دەکا. تەیفیکی دیکە هەیە کە تەیفی میانییە. ئەم تەیفە بۆ کارتێکەری لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکا. لێرەدا کە قسە لە خەڵک دەکەین زیاتر مەبەست ئەم تەیفە میانییەیە. ئەم تەیفەیە کە دەیەوێ هەڵبژاردن هەبی تا ئەو بتوانێ کاریگەری خۆی دابنێ. ئێمە لە 2ی خوردادەوە تاکوو ئێستا هەستمان کردووە کە ئەم تەیفە لە نێو کۆمەڵگەدا سەری هەڵ داوە. جاران ئێمە هەموو هەڵبژاردنمان بە ئەمرێکی فەرمایشی دەزانی، خەڵک دەنگیان بدایە یا نا، مەسەلە شتێکی دیکە بوو. کۆمەڵگە لە فەزایەکی دیکەدابوو و دەوڵەتیش لە فەزایەکی دیکەدا بوو. بەڵام لە دووی خورداد بەرەو ئەم لا هەڵبژاردنی فەرمایشی بە راستی مانای نەما ئیتر. یانی ئەوەی کە بڵیین هەڵبژاردن فەرمایشییە یان سناریویە، مەنتقی خۆی لە دەست داوە. هەرچەند نابێ لە بیرمان بچێ کە هەوڵی ئەهرومەکانی وەک نەزەراتی ئیستسوابی و شواری نیگابان ئەوە بووە کە بە هەرحاڵ ئەسڵەحترین کەسەکان کە بە پێی بنەماکانی ئیسلامی ویلایەتیی فەقیهی دێنەوە بچنە نێو لیستەی کاندیداکانەوە. ئەگەرچی ئەم ئەسڵەحترینەش بۆ خۆی نیسبی بووە. چونکە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەسی واهەبووە کە چەند دەورە نوێنەری مەجلیس بووە، لە جبهەدا بەشدار بووە و یەکێ لە وەفادارترین کەسەکانی حکومەت بووە، کەچی سەلاحییەتی تەئیید نەکراوە، بۆ چی؟ چونکە لە جەناحی راست نەبووە!!

جا لێرەدا باسەکە دێنمەوە سەر ئەو خاڵە کە ئێمە لە حاڵەتی ئێستای کۆمەڵگەدا کە ئەو دەورانەی پێشووی تێپەڕاندووە و ئەزموونێکی گەورەی لە پێوەندی لەگەڵ ناسینی ئاستە جیاوازەکانی دەوڵەتدا هەیە، خۆمان لە بەرانبەر دۆخێکی تازەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا دەبینین. ئەو تەیفە میانییەی کە باسم کرد بە پێی ئەو زانیارییانەی کە هەیە بۆ خۆی بە نەوعێک بە گومانەوە سەیری پرۆژەی هەڵبژاردن دەکا. چونکە بەهەرحاڵ لە دەورەی خاتەمیدا توانی تەئسیراتێکی سەرسووڕهێنەر لە سەر هەڵبژاردنەکان دابنێ و لە چەند قۆناغی جیاوازدا بە دەنگی زیاتر لە20 ملیونییەوە لە پشتی پرۆسەی ئیسلاحات بوەستێ و دەنگ بە خاتەمی بدا، بەڵام نەیتوانی شتێک بگۆڕێ و سەقامگیری بکا. بۆیە ناهومێد بوو، ئێستا ئێمە دەبینین کە ئەم تەیفە یەواش یەواش خەریکە هەڵدەسووڕێ و هەموشمان دەزانین کە لە کوردستاندا تەیفێک لە چالاکانی مەدەنی خەریکن لە بەرانبەر پرسی هەڵبژاردندا هەڵوێست و روانینی خۆیان دیاری دەکەن و دەیانەوێ وەکو کورد و بە گوتاری کوردییەوە کار بکەن و تەئسیر لە سەر هەڵبژاردندا دابنێن. دواتر دێینە سەر ئەم باسە. لێرەدا پێمخۆشە بزانم کە تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم تەیفەی کە دەیەوێ لە پرسی هەڵبژاردندا کارا و کاریگەر بێت؟

**رزگار-** پێش ئەوەی بێمە سەر ئەم باسە، حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە ئینقلابی ئێران لە چاو ئینقلابەکانی دیکە تایبەتمەندییەکی جیاوازی لە خۆی نیشان داوە، بۆ نموونە ئینقلابی ئوکتوبەر لە یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو توانی ئینقلابەکەی یەکدەست بکات، واتە بیکاتە ئینقلابێکی سوسیالیستی و زۆر بە خێرایی تەیفە جیاوازەکان و بەرهەڵستکارانی ئەم ئینقلابە لە مەیدان دەر بکا و دیوارێکی سانسۆر بە دەوری خۆیدا بکیشێ. بەم چەشنە ئینقلابی ئوکتۆبەر لە ئامانجەکانی خۆی نزیک بوەوە. بەڵام ئینقلابی ساڵی 1979ی ئێران - پاش ئەوەی کە خەڵک لە ریفراندۆمێکدا دەنگی بە کۆماری ئیسلامی دا - بە هەمان کاراکتێری ئینقیلابی گەرییەوە خەونی بەوەوە دەبینی کە کۆمەڵگەی ئێران یەکدەست بکا و، بە دروشمی "وحدت کلمە" گشت تەیفە جیاوازەکان لە نێو ئەم ئینقلابەدا بتوێنێتەوە. بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی ئامانجەکانی نێزیک بووەوە، لەم ئامانجەدا شکستی هێنا و نەیتوانی کۆمەڵگە یەکدەست بکا. وەک ئاگاداری کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە بەرانبەر کێشەی جیناحە موختەلیفەکانی خۆیدایە گرفتار بووە. جیناحە جیاوازەکان لە ئێران دا لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە شتێک بەناوی سیستم هەبێ، نەزم هەبێ. دەبێ دەوڵەت هەبێ، قانون لەسەروەوەی هەموو بڕیارەکان بێت، بەڵام حازر نین هەموویان بچنە پاڵ یەک سەلیقەی سیاسییەوە. بەشێکی بەرچاو لە جیناحەکانی نێوخۆی وڵات پێی وایە کە ئەم تەجرەبەیەی کە ئێستا لەبەر داستدایە و خۆی بە میراتی ئینقلاب دەزانێت، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئینقلاب لای داوە و لە بنەڕەتدا تێگێشتنی ئەمان لە ئینقلاب تا رادەیەک دێمۆکراتیک ترە. ئەمە ئەم ئاکامە بە دەستەوە دەدا کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە توانای مانۆری بەهێزی دەسەڵاتی هەیە، لە هەمان حاڵدا ناچارە لە بەرانبەر خواستی ئەم تەیفە جیاوازانەدا هێندێ جار نەرمی (ئینعەتاف) لە خۆی نیشان بدات.

من نموونەت بۆ دێنمەوە. بەدوای کابینەی مەوقەتی ئاغای بازرگان تا پرسی سروک کۆماری ئاغای رەفسەنجانی، نیمادی ئەم دەوڵەتانە لە سەر ئەساسی "تەعەهود" بوو بۆ نیزام نەک "لیاقت" لە سۆنگەی بەڕێوەبریدا، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە ژێر کاریگەری دۆخێکی تایبەتدا بوو کە ئەوکات نیزامی پێدا تێدەپەری، واتە خەونی یەکدەست کردنی ئینقلاب و شەڕی هەشت ساڵە. پاشان ئێمە دەبینین کە ئاغای رەفسەنجانی بە پەیامێکی جیاوازەوە خۆی کاندید دەکات بۆ سەرۆک کۆماری، کۆمەڵێک پەیام و دروشمی جیاواز بەرز دەکرێتەوە کە وەک سەردەمی سەرک کۆماری ئاغای خامنەیی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەبوون. ڕەفسەنجانی لە دروشمەکانی دا گرینگی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تەکنۆکرات بەرجەستە دەکاتەوە و، لە بەڵێنییەکانی دا باس لە زەرورەتی مەشارەکەت دەکات بۆ سەرکەوتنی پلانە سیاسی و ئابوورییەکانی کە بە تەرحی پێنج ساڵە ناوزەد کران. لەم تەرحانەدا حەوڵی ئەو دەرک کردنی حوزووری کەسانیتەکنۆکرات بوو لە سیستمی بەڕێوەبەری وڵات دا بۆ پرسی گەشەپێدان. بۆ ئاگاداریت ئەمە دەرککردنی گرینگیدان بە ستایلێکی مۆدێرن بوو بۆ سیستەمی بەڕێوەبەری. ئەو نەیدەتوانی وەک ئاغای خومەینی نکۆڵی بکات لە پرسی بە مۆدێرن کردن و، ئەم واقعەیش بەبێ دابین کردنی کەرەسی مۆدێرن دوور لە گونجان بوو. دەورانی ئاغای ڕەفسەنجانی سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست نەهێنا و، ئاغای خاتەمی هاتە مەیدانی ڕەقابەتەوە و، بە دروشمی "شایستەسالاری" و دەوڵەتی "مێهرەوەرزی" ئامادەی پێشبڕکێی هەڵبژاردن دەبێت. ئێستا ئەم دوو بەڕێزە تا چەند توانیان بەڵێنییەکانی خۆیان عەمەلی بکەن شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی کە بەلای منەوە گرینگە بەرجەستە کردنەوەی ئەم چەشنە پەیامانەیە. بە بۆچوونی من زەمان و دۆخ مەرجە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران گرینگی ئەم پەیامانەیان لای ئەوان بەرجەستە کردبووەوە، دەنا ئەمە ئیلهامێک نەبوو کە لە لای ئەوانەوە ئاراستە کرابێت، ئەمە پێویستیی کۆمەڵگە بوو. ئەمان ئەم پێویستییەیان بینیو کەوتنە بیری دارشتنی پرۆژە و سازدانی دروشمی ئینتەخاباتی بۆ بە دەست هێنانی دەنگی زیاتر.

کاتێ ئاغای خاتەمی بە دروشم و پرۆژەکانی خۆییەوە دێتە مەیدانی پێشبڕکێی هەڵبژاردن - وەک ئاماژەت پێدا - زیاتر لە 20ملیون دەنگ دەچێتە نێو سندووقەکەی. ئەمە دەرەنجامی سرنجدان بە نیازای خەڵک بوو. ئاوڕدانەوە لە نیازی ئەو خەڵکەی کە لە قوولایی کۆمەڵگەدا دەژی و شەرعییەت و ئاراستەی کاری هەر دەوڵەتێکیش ئەوانن. پاش تەواو بوونی خولی دووهەمی سەرۆک کۆماری ئاغای خاتەمی، ئەگەر چی ئەو توانی کۆمەڵێک لە وەعدەکانی خۆی وەک کردنەوەی "فەزای بازی سیاسی و فەرهەنگی" و هێندێ گەشەی ئابووری بە جێ بگەیەنێ، بەڵام تەواو بوونی دەورەی سەرۆک کۆماری ئەو کۆتایی هێنانیش بوو بە دەوربینینی ئیستەڵاح تەڵەبەکان لە پرۆسەی نوێی هەڵبژاردن دا. بۆچی ئیستڵاح تەڵابەکان نەیانتوانی شانسی سەرکەوتن لە خولی نوێی سەرۆک کۆماری بەدەست بێنن؟ چوونکە توانای دیتنی نیازە سەرەکییەکانی ئەم دەورە نوێیەیان نەبوو و، نەیانتوانی لە پلان و دروشمەکانی خۆیاندا ئەم پێداویستییانە بیگونجێنن. ئەوان هیچ پلانێکی نوێیان پێ نەبوو، جگە لە دووپات کردنەوەی بەڵێنییەکانی قۆناغەکانی پێش خۆیان. بۆیە خەڵک نەچووە پاڵ دەنگەکەی. بایکوتی کرد، دەنگی نەدایە و دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد (ئاواتی خودی توێژی حاکمە) شانسی سەرکەوتنی بەدەست هێنا. دەبینین کە لە دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد دا پرۆژە بۆ وەدی هێنانی ئەو ئاواتەی تەبەقەی حاکمە هەموار دەکرێت کە یەکدەست کردنی نیزامە. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد ویستی بە دروست کردنی فەزای ئەمنییەتی لە نێو خۆی وڵات و ئاڵۆز کردنی پێگەی ئێران لە موعادیلاتی نێودەوڵەتی دا، دەرفەتێک بخوڵقێنێت بۆ پاکانە حیساب کردن لەگەڵ تەیفە جیاوازەکانی نێوخۆ.

بەڵام سەبارەت بەو پۆلینکردنەی کە تۆ ئاماژەت پێدا، ئەوەی کە تۆ باست کرد بوونی سێ تەیفی نێو کۆمەڵگایە بۆ ماملە کردن لەگەڵ دەوڵەت دا. واتە تەیفی موحافیزەکار کە دەنگی خۆی دەدات، تەیفێک کە لەسەرەتاوە هەڵبژاردن بایکۆت دەکات و تەیفێکی میانی کە حەولدەدات لە ڕێگەی بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا کارتێکەری هەبێت.

ئەوەی کە ئێمە لە دەرەنجامەکانی ئەم چەند خولەی دوایی هەڵبژاردن دا دەیبینین، ئەوەیە کە بە پێی زەمان ڕێژەی تەیفی میانی – ئەوەی کە تۆ ئاماژەت پێدا – ڕوو لە زیاد بوونە. ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئامار بەرەورووین، کەواتە ئەم ئامارنە گرینگترین بەڵگەیەکن بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ دیاردەی هەڵبژاردن و لەهەمان حاڵیشدا پێودانگێکە بۆ خوێندنەوەی گۆران لە

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵگادا کە بە پرسی "سوسیال مۆبیلیتی" ناسراوە. ئەم دەرنجامە ئەوە دەدا بە دەستەوە کە تەیفی میانی مەودایەکی بەرینی دروست کردوە لە نێوان ئەو دوو تەیفەی دیکە کە تۆ ئاماژەت پیداون. کەواتە لە بەستەری کۆمەڵگادا تەیفێکی میانی مەترەحە کە دەرکی بەوە کردووە کە میکانیزمی دێمۆکراتیک و مۆدێرن (واتە پرسی هەڵبژاردن وەک نمادێکی دێمۆکراسی) بۆ مامله کردن لەگەڵ هێژمۆنیای دەسەڵاتدا باشترین و عەقڵانی ترین مێتودە. ئەگەر سەرنج بدەیت دەبینی ئێستا ئێمە لەگەڵ گەشەکردنی فەرگەنگێک دا بەرەورووین کە بەداخەوە لە سەردەمی راپەرینی گەلانی ئێران بە دژی حکومەتی پاشایەتی لە ئارادا نەبوو. ئەم تەیفە چووەتە نێو پرۆسەیەکی تێگێشتنەوە لەمەڕ ساختاری ئەم نیزامە، واتە هەڵاواردنێکی دروست کردوە لە نێوان ئەوەی کە ئێمە ئاماژەمان پێدا، حکومەت و دەوڵەت.

ئەم تەیفە دەرکی بەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی، نیزامێکە کە ئینقلابێکی سی ساڵەی لە پشتەوەیە، هێزی ئوپۆزیسیونی پاسیڤ کردووە، لە ناوچەکەدا هێزێکە، بەڵام خەڵک دەرکی بەم بابەتەیش کردووە کە ئەم نیزامە بە تەواوی ئەو هێز و دەسەڵاتەی کە هەیەتی، هێشتا ناتوانێ ئینعتافپەزیر نەبێ. بە گشتی ئەم تەیفە خۆی لەبەرامبەر دوڵەتدا دەبینێت وەک دەسەڵاتی ئیجرایی و، باری ئیدۆلۆژیکی نیزام کە هەمان هێژمۆنیای دەسەڵاتە بۆ ئەمان کەمتر جێی سەرنجە. ئەوەی بۆ ئەم خەڵکە گرینگە پرسی داوا سیڤیلییەکانی خۆیەتی. خەلک دوکان وبازاڕی هەیە، ماڵیات دەدا، منداڵی دەنێرێ بۆ مەدرەسە، کارمەندە، کوڕی دەنێرێ بۆ سەربازی، کوڕی دەگیرێ و، لە هەمووی ئەم پرسانەدا خەڵک دەبێ بەرەورووی دەوڵەت بێتەوە. دەبێ ئەم مافانەی خۆی لە دەوڵەت بوێتەوە. کەواتە دەبێ خەڵک بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بچێتە پای سندووقەکانی دەنگدان و هەوڵ بدا دەنگ بدا بە دروشمێک کە لە داواکانی ئەو نزیکترە. نابێ لەبیری بکەین کە خەڵک هەموویان سیاسی نین. هەموویان کادری حیزبی نین کە دەنگ نەدەن و راپەڕن و ئەگەر هیچیان بۆ نەکرا وڵات جێ بهێڵن و بێنە دەرەوە. بەشێکی بەرفراوانی خەڵک سڤیلە. ئەمە بەشێکی مەسەلەکەیە، بەڵام بابەتێک کە لە مێژووی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمە لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا سەرنجی منی راکێشاوە ئەوەیە کە، لە ڕێگای مانۆرە ئەمنییەتی و سیاسی و ماجەراسازییەکانیەوە حەولی داوە خۆی لە ویست و داوا سیڤیلییەکانی خەڵک بەدوور بگرێت. لە بیرت نەچێ وەدی هێنانی داوا سیڤیلییەکانی خەڵک گرینگ ترین مەحەکێکە بۆ سەلماندنی لیاقەت و بەرپرسایەتی کردنی دەوڵەتەکان. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە حکومەت و دەوڵەتەکانی ناچار بکرێن کە بەم تاقیکارییەدا تێپەڕن؟ لە وەها دۆخێکدایە کە خەڵک دێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە سەرنج بدات بە باری ئایدۆلۆژیکی نیزام کە هەمان پرسی هێژمۆنیای دەسەڵاتە و، لەم دۆخەدایە کە بڕیاری کۆتایی دەدات. واتە تەواویەتی ئەم نیزامە قبوڵ بکات یان نا.

**کۆسار-** زۆر چاکە، من دەمەوێ ئارام ئارام لە پرسی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماری لە ئێران نزیک ببمەوە. تەبیعەتەن ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێ هەموو بارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە چوارساڵێ داهاتوودا بخاتە ژێر تەئسیری خۆیەوە. بەڵام دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بە هاتنە سەرکاری ئاغای ئەحمەدی نەژاد و بەو تەعبیرە کە وتیان حاکمییەت یەکدەست بووەتەوە، خودی ئەم یەکدەست بوونە بە رای زۆر کەس و بە پێی شواهید تووشی شکست هات. واتە حاکمییەت لە ڕێگای یەکدەست کردنەوەی خۆیەوە چاڵێکی گەورەی بۆ خۆی کەند و شکافی گەورە و جددی کەوتە جەستەی بەرەی راستی موحافیزەکارەوە و هەر وەک دەزانی شتێک لە حدوودی 12وەزیری کابینەی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بە واسیتەی ئەو پارلمانەوە کە زۆرینەی لە جەناحی راست و مۆئتەلیفەن، ئیستیزاح کران یان لابران. لە نەتیجەدا بەرەی راست شکا. لەم هەلومەرجەدا گەشەکردنی هێزێکی بەرانبەر بۆ نموونە ئیسلاحتەڵەبەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە شانسی سەرکەوتنیان هەبێ. سەنبول یان نمایندەی ئیسلاحتەڵەبەکان ئەمێستا ئاغای خاتەمییە کە بەرەسمی ئیعلامی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاندیداتۆری خۆی کرد. ئاغای کەڕوبی دەبێتە باڵی موحافیزەکاری بەرەی ئیسلاحتەلەبی کە زۆر ناچێتە نێو موعادیلاتی ئیسلاحتەلەبییەوە، دیارە بەشێکیش نییە لە ئەمر و ئیرادەی ئاغای خامنەیی. لێرەدا ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە جەناحی راست بەربژێری خۆی دیاری بکا، کە دیارە هێشتا هیچ روون نییە کێ دێتە مەیدان و واوێ دەچێ لە نێو خۆیاندا خەریکی شەور و بەحسن کە کێ بتوانێ نەزەرەی هەموو تەیفەکانی نێو جەناحی راست بۆ لای خۆی رابکێشێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاغای خاتەمیدا کە ئێستا ئامادەی کارزارە، بە هەرحاڵ کۆمەڵگەی ئێمە مێژووی خۆی فەرامۆش ناکا و ئەزانێ کە دەورەی هەشت ساڵەی خاتەمی دەورەیەک بوو کە دەکرا زۆر کار کرابا، چونکە پشتیوانییەکی سەرتاسەری بەهێز لە ئارادا هەبوو و خەڵک ئامادەی ئەوە بوون هەزینە بدەن. دەوڵەتی ئاغای خاتەمی دەیتوانی لە رووی ساختاری و قانوونیەوە زۆر شت بگۆڕێ کە نەیکرد، یان بۆی نەکرا. چونکە تەعبیرێک هەیە کە دەڵێ، خاتەمی ئەندیشمەندی سیاسییە، بەڵام ناتوانی ڕیبەری سیاسی بێت. واتە پیاوی کردەوە نییە. ئێستا ئەو بەشە گەورەیەی کۆمەڵگە کە مەوافیقی سیاسەتەکانی جەناحی راست نیە، دەزانێ کە لەوە زیاتر ناتوانێ ئیمتیاز بدا بەو جەناحەو دیسانەوە ئەحمەدی نەژادێکی تر بێتەوە سەرکار. بۆیە لەمەڕ ئاغای خاتەمی باس لەوەیە کە ناوبراو بۆ خۆیشی بە نەوعێک بە گومانەوە تماشای پرۆسەی هەڵبژاردن دەکا و هەم تماشای خەڵک دەکا. وەک چۆن خەڵکیش هەر ئەو حاڵەتەیان هەیە. وەزیرێکی دوڵەتی ئیسلاحات کە لە هەر دوو دەورەکەدا لە کابینەی ئاغای خاتەمیدا بووە، بە ناوی (مرتضی حاجی) دەڵێ کە کاندیداتۆری محەممەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی پێشوودا بۆ پاراستنی نیزام و تەداومی ئەو نیزامە بوو. واتە لە دووی خورداددا خاتەمی بەم شێوەیە ویستوویەتی کە نیزام لە رووبەررو بوونەوەی توند لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی رزگار بکا و بیباتە فازیکی دیکەوە. دیارە ئەمە حەقیقەتێکە کە ئاغای خاتەمی بۆ ئەوە نەهات کە حکومەت بگۆڕێ و ئەوە کە ئەساسەن چاوەروان دەکرا کە خاتەمی دێ تا حکومەت ژێر و روو بکا، خۆی خوێندنەوەیەکی ناشیانە بوو. ئەو هات کە حکومەت قانونمەندتر و کۆمەڵگەکە مەدەنیتر بکا، ئەم سەتحە لە گۆڕان بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە قابیلی قەبووڵ بوو، بۆیەش چووە پشتی و دەنگی دایە. ئێستاش دیسان هاتوەتەوە و دەیەوێ بەجۆرێک وەزعییەتەکە ئارام بکاتەوە. لێرەدا خاڵێکی گرینگ هەیە، خۆت ئەزانی قەیرانێک کە بە هۆی ناکارامەیی سیاسەتی ئابووری کابینەی ئاغای ئەحمەدی نەژاد هاتوتە کایەوە، ئەگەری هێنانە کایەی شۆڕش و راپەرینی جەماوەری لێ دەکەوێتەوە. ئاغای خاتەمی هاتووە تا دیسان بتوانێ دۆخەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، یان بە نەوعێک ئەو هێزە بەرفراوانە کە دژ بە دەوڵەتی ئەحمەدی نەژادن، کاناڵیزە بکا تا پێکدادانەکان راستەوخۆ نەبن.

لەم پێوەندییەدا تۆ باست لە کۆمەڵێک ئەولەوییەت کرد لە دەورەی ئاغای بازرگانەوە تا ئەحمەدی نەژاد ، لە هەر دەورەیەکدا هەر کامە لەم ئەولەوییەتانە بە جۆرێ بوونەتە هۆی ئەوەی کە کەسێک یان بەرنامەیەک بیباتەوە. ئێستا لەم دەورەیەدا ئەولەوییەت بە بەرنامە ئابوورییەکانە. قەیرانی ئابووری جیهانی داگرتووە، و ئێرانیش وەک وڵاتێک لەم مەیدانەدا زەرەرمەندە. نەوت لە بۆشکەی 150دولارەوە هاتوتە کەمتر لە 40$. باشە هەلومەرجی ئێستا هەلومەرجی قەیرانی ئابوورییە. هەواڵەکان دەڵێن کە کۆمەڵگە لە ژێر فشاری سەختی بژیویدا دەناڵێنێ. کەواتە قاعیدەتەن ئەولەوییەت لە دەرەجەی یەکەمدا بە ئابووری دەبڕێ. لە دووی خورددادا پرسی سیاسی-فەرهەنگی خاوەن ئەولەوییەتی یەکەم بوو، بەڵام ئەمڕۆ هاوکێشەکە گۆڕاوە. ئاغای خاتەمی کە چاو لە وەزعییەتەکە دەکا، وەزعی ئابووری بە ئەسەفبارتر دەبینێ، هەرچەند بارەکانی دیکەش زۆر ویرانن. لێرەدایە کە ئەگەر ئاغای خاتەمی لە هەڵبژاردندا بیباتەوە، بە پێی ئەولەوییەتەکانی خۆی رەفتار دەکا. تۆ پێتوایە کە سبەی رۆژ کاتێ هەڵبژاردن تەواو بوو، ئاغای خاتەمی کە ئینێرژی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی بۆ ئیسلاحاتی ئابووریی تەرخان بکا، ئیدی لایەنە سیاسی- فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات چەند لە بەرنامەی ویدا جێگەیان پێ دەدرێ؟ چ ئومێدێک بە ئیسلاحاتی سیاسی- ئیجتماعی لە ئارادا دەبێ؟

**رزگار-** ئیشارەیەکی جوانت کرد. بەسەرنجدان بەو قۆناغبەندییەی کە تۆ ئاماژەت پێدا، دەبینین کە لە نێو نیزام دا فرە ئاڵتەرناتیڤییەک بەدی دەکرێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەت. خەڵک لە نێو پرۆسەی هەڵبژاردندا دەیەوێ داخوازی داواکانی خۆی بکات و بە چەشنێک مەیدان بە حاکمان تەنگ دەکاتەوە بۆ وەدی هێنانی ئامانجە ئینقیلابییەکانیان. خەڵک پەنا بۆ ئامرازی حقوقی خۆی دەبات کە هەمان پرسی هەڵبژاردنە، ئامرازێکی دیموکراتیک بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت دا. بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە هەر کەسێک خۆی بۆ پۆستی سەرک کۆماری کاندید دەکات بەو مانایەیە کە ئەم دەسەڵاتە بپارێزێ. بەڵکوو مەسەلەکە لەوە جددیترە، دیارە ئەو خۆی بە بەشێک لەم نیزامە دەزانێت و خەڵکیش بە بەشێک لەم نیزامە دەبینێ. من پێموایە کاتێک ئاغای خاتەمی خۆی کاندید دەکا، بەو مانایە نییە کە چاوەڕێی دەنگ وەرگرتن بێت لە ئۆپۆزیسیونی دژ بە نیزام، بەڵکوو ئەوە گشتییەتی خەڵکی ئێرانە کە قەرارە دەنگی پێبدات. کاتێک ئەو دەڵێ خەڵکی ئێران، مەبەستی لەو خەڵکەیە کە بەشێکی حقوقی و حەقیقی نێو ئەم نیزامەیە. لە ڕیگای دەنگی ئەم خەڵکەیە کە ئەو دەبێتە وەکیلی ئەوان و سیاسەت و پلانە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت.

ئەوەی لەم میانەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ سەرۆک کۆمارێک دابنێ بە بێ ئەوەی ئەو دەنگانە لە نێو سندووقەکاندا نەبێ. کەوایە ئەمە زۆر گرینگە و خەڵکیش دەرکی بەم پرسە کردووە، دەبینێت کەرەسەی هەڵبژاردن لە مامەڵەی سیاسەتی ئیجراییدا دەورێکی کاریگەری هەیە. ئێستا جێی خۆیەتی پرسی دەنگدان وەک لۆبییەکی کارامە بەکار بێنێ بە مەبەستی ئەوەی سیستەمی ئیجرایی و قانوونی وڵات بەرەو داوای خەڵک مەعتوف بکاتەوە و، ڕژیم بخاتە بەردەم گوشارێکی عمومی لە بەرانبەر داوا سیاسی- کۆمەڵایەتی، فەهەنگی و ئابوورییەکانی.

سەبارەت بەشی دووەمی باسەکەت، لەو شوێنەی ئاماژەت دا بە ئەولەوییەتەکانی ئاغای خاتەمی کە گرینگترینەکەیان قەیرانی ئابوورییە، ئەگەر قەرار بێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەر بکەوێ. ئێمە دەبینین کە نرخی هەوسان (تەوەروم) نزیک دەبێتەوە لە 30%. دیارە ئەم قەیرانە ئابوورییە بەتەنیا ئێرانی گرفتار نەکردووە، بەڵکوو هەموو جیهانی داگرتووە. ئامریکایش بەهەمان شێوە لەبەرانبەر ئەو قەیرانەدا ڕاوەستاوە، بەو جیاوازییەوە کە شددەت و کەیفییەتی ئەم قەیرانە بەپێی هەرکام لەم وڵاتانە فەرق دەکات. یەکێک لە سیاسەتەکانی ئاغای ئۆباما بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە، بەشداری کردن و حزووری خەڵکی ئامریکایە لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەم گرفتەدا. ئاغای خاتەمی ئەگەر قەرار بێت لە هەڵبژاردن دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ پێویستی بەم سیاسەتە دەبێت. بێگومان قەیرانی ئابووری لە هیچ وڵاتێکدا تێپەڕ نابێ، مەگەر ئەوەی کە خەڵکەکەی خۆی بەبەشێک لەم پرۆژەیە بزانێت، واتە پرۆژەی بەروروووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئابوری. کەواتە کاتێ ئاغای خاتەمی بەو ئۆلەویەتەوە دێتە مەیدانی پێشبڕکێی هەڵبژاردن، ناچارە بازبینییەک بکاتەوە لە سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانی پێشووتر و خۆی ئامادە بکات بۆ بەروروووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئابووری، نامەسئوولیەتی بەرێوەبەران و، گەندەڵی ئیداری، هەروەها بۆ مەتمانە بەخشین بە ڕای گشتی و ڕاکێشانی سەرنج و هاوکاری تەیفە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگاش پێویستە بەر بە ماشێنی بە ئایدیالۆژی کردنی سیستەم بگرێت و دەزگا ئەمنییەتییەکان بۆ سەرکوت و تۆقاندنی خەڵک خونسا بکاتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەمە لە بەرنامەی دەوڵەتی داهاتووی ئەودا نەبێت، گرفتی قەیرانی ئابووری وڵات بەرەو دۆخێکی ناهەموار دەبات کە بە قازانجی کەس نییە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

له سایتی بی‌بی‌سی دا باس له یه‌کێک له سوخه‌نرانییه‌کانی ئاغای خاته‌می کرا که گۆیا رادەگەیەنێت: "خۆم کاندید ده‌که‌م به ئومیدی ئه‌وه‌ی که خه‌ڵکی ئێران ئیعتمادم پێ بکه‌ن و ده‌نگم بده‌نێ. بۆ ئه‌وه‌ی که من روخساری خراپی ئێران نیسبه‌ت به جیهان بگۆڕم". ئه‌و دان به‌وه‌دا ده‌هێنێت که سیاسه‌ته سه‌ره‌کییه‌کانی ده‌وڵه‌تی ئه‌حمه‌دی نژاد، ئێرانی مونزه‌ویتر کردۆته‌وه. یه‌کێک له هۆکاره ئه‌سڵییه‌کانی ته‌وه‌ڕوم ده‌گه‌ڕێنێته‌وه بۆ ته‌ریک مانه‌وه‌ی کۆماری ئیسلامی نیسبه‌ت به کۆمه‌ڵگه‌ی جیهانی. لێره‌دا به پێویستی ده‌زانم که‌مێک له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته ورد بینه‌وه. مه‌به‌ست له خراپ بوونی روخساری ئێران ده‌شی ئاماژه‌دان بێت به سیاسه‌ته خارجییه‌کانی (که پرۆژه‌ی پیتاندنی ئۆرانیۆم و یارمه‌تیدانی تاقمه تیرۆریستییه‌کان و سیاسه‌تی ماجه‌راسازی له مه‌نتەقه‌دا، که کۆماری ئیسلامی پێ تۆمه‌ت بار ده‌کرێت) و، هه‌روه‌ها سیاسه‌ته نێوخۆییه‌کانه که پێوه‌ندی هه‌یه به پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و سانسۆر و سیاسه‌ته بونیادگه‌رایییه‌کانی ده‌وڵه‌تی ئه‌حمه‌دی نیژاد له‌مه‌ڕ به‌رنامه فه‌رهه‌نگییه‌کان.

**کۆسار**- که‌واته خه‌ڵک له به‌رانبه‌ر سێ پلانی سه‌ره‌که‌یدایه له پرسی پرۆپاگه‌نده‌ی به‌ربژێردراوه‌کاندان دا، یه‌که‌م له ئاستی نێو نه‌ته‌وه‌ییدا ئه‌و شته‌ی که‌پێی ده‌ڵێن «تنش در روابط بین الملل» کۆتایی پێ بهێنرێ و بگه‌ڕێنرێته‌وه دۆخێکی ئارام. دووهه‌م، له ئاستی به‌رێوه‌به‌ری به‌رزی ئابووریدا چاکسازی ریشه‌یی ئه‌نجام بدرێ و کۆتایی به لاوازی و بێ به‌رنامه‌یی له‌م به‌شه‌دا بهێنرێ و، سێهه‌میش هه‌ول بدرێ که که‌شی سیاسی-فه‌رهه‌نگی له ئێراندا کراوه‌تر بکرێته‌وه و ئه‌و ئسیتبداده قورسه و ئه‌و مه‌ودا زۆره‌ی که حکومه‌ت له به‌ینی خۆی و خه‌ڵکدا پێکی هێناوه بره‌وێته‌وه. ئه‌گه‌ر به‌رنامه‌کان به‌م ئاقاره‌دا بچن، بێگومان خه‌ڵک له هه‌ر سێ حاڵه‌ته‌که‌دا پێشوازی ده‌که‌ن، چونکه له هه‌لومه‌رجی ئێستادا کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران پێویستی به‌وه هه‌یه و جگه له‌وه‌ش ئیراده‌یه‌کی دیکه له ئارادا نییه.

ده‌مێنێته سه‌ر ئه‌وه که ئێمه بێینه سه‌ر باسی کورد و قورساییه‌که‌ی له نێو پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردن دا. خۆت ئه‌زانی ئاغای خاته‌می له نێو کۆمه‌ڵی کورده ئیسلاح تەڵه‌به‌کاندا به شێوه‌ی ره‌سمی کاندیداتۆری خۆی راگه‌یاندبوو. ئه‌مه تا ئێستا له مێژووی ئێراندا نموونه‌ی نه‌بووه و نه‌ماندیوه که کاندیداتۆرێک بێت و له نێو کۆمه‌ڵێکی کورددا به‌ربژێری خۆی رابگه‌یه‌نێ. به رای من هۆکاره‌کانی ئه‌م هه‌نگاوه زۆرن، به‌ڵام گرینگترینیان دوو شتن: یه‌که‌م بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه که پرسی کورد له ئێراندا پرسێکی گرینگه. دووه‌م ده‌کرێ پرسی کورد وه‌ک کارتێکی فشار له نێو کێشمه‌کێشه‌کانی ناوه‌ندا به‌کار بهێنرێ، ده‌قیقه‌ن وه‌ک ئه‌و سیاسه‌ته‌ی که تورکه‌کان ده‌مێک ساڵه له سه‌روبه‌ندی هه‌ڵبژاردنه‌کانی نێو خۆی تورکیه‌دا ئه‌یگرنه به‌ر. به رای من ئه‌مه هه‌م ده‌توانێ به جۆرێک کورد ته‌نیا وه‌ک ئامرازێک به‌کار بهێنێ – که ئه‌م حاڵه‌ته به‌زیانی پێکهاته‌ی کوردی له ئێراندا ته‌واو ده‌بێت و هه‌میش ده‌توانێ – ئه‌گه‌ر رێبه‌ری حه‌ره‌که‌ته کوردییه‌کان له ناوخۆدا به‌هێز و وشیارانه و خاوه‌ن ستراتیژی بێت - به قازانجی کێشه‌ی کورد ته‌واو بێت و کاریگه‌ری خۆی دابنێ له دوا رۆژا.

شتێکی دیکه‌ش گرینگه، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که کورد توانیویه‌تی له ماوه‌ی ئه‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا و له رێگای زنجیره چالاکییه‌کی به‌رده‌وامی مه‌ده‌نی و رۆژنامه‌گه‌رییه‌وه قورسایی خۆی له سه‌ر فه‌زای چاپه‌مه‌نییه‌کان و به نه‌وعێکیش له سه‌ر کۆمه‌ڵگه‌ی ناکوردی ئێران دابنێ. واته توانیویه‌تی عه‌تف و هاوده‌نگییه‌ک له ئاستی سه‌رانسه‌ریدا و به‌تایبه‌ت له نێو نوخبه‌ی ناکورددا بۆ خۆی ده‌سته‌به‌ر بکا. من ئه‌مه به فاڵی نیک ده‌گرم. لێره‌دا پێمخۆشه ئه‌و خاڵه‌ش ئاماژه پێ بده‌م که کاتێک پرسی کورد له ئێراندا مه‌تره‌ح ده‌بێ، بڵێی نه‌ڵێی، بزووتنه‌وه‌ی کوردیش مه‌تره‌ح ده‌بێ. چونکه به‌هه‌رحاڵ کوردی ئێران گرایشێکی گشتی و عامی هه‌یه که گرایشی نه‌ته‌وه‌ییه. نوێنگه‌ی سونه‌تی ئه‌م گرایشه ئه‌حزابی سیاسی کوردن که

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستا لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگەدان و بەردەوام نەکەوتوونەتە نێو هاوکێشەکان و شەڕی چەکدارانەیان کردووە. ئەم حیزبانە هێچ هۆگرییەکیان نییە لەمەر پرۆسەی هەڵبژاردندا و تەنانەت متمانەی پێ ناکەن و ئەساسەن تەسەور دەکەن کە نابێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکرێ. ئەمان پەیڕەوی لە ستراتیژی رووخان دەکەن و هەموو کارەکەیان هەر ئەوەیە. بەڵام ئێستا ئێمە دەبینین بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردستان لە حەولی ئەوە دایە کە بەشدارییەکی چالاک لە هەڵبژاردنەکاندا بکا، لانیکەم بۆ ئەوەی کە بتوانێ کاریگەری لە چارەنووسی هەڵبژاردنەکاندا دابنێ. من وا هەست ئەکەم کە ئەم حەرەکەتەی ناوخۆ لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر ئاگاهانەتر بێت لە دەورەی 2ی خورداد. چونکە ئەو دەورەیە بە جۆرێک دەورەیەکی کەف وکوڵاوییش بوو، واتە هەیجانی زۆر بوو. خەڵکی کورد لە دوای داگیرکردنەوەی کوردستان پاش رووخانی رژیمی شا، بە خۆیەوە نەدیبوو بتوانێ ئاوا ئازادانە قسە لە ئازادی بکا. کورد لەو سەردەمدا دەتوانم بڵێم کە هەر دەستی بۆ بەیعەت لەگەڵ ئیسلاح تەڵەبەکان درێژ کردبوو، دەنا بەرنامە و ستراتیژییەکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام ئێستا وادیارە نوخبەی کوردی لە ناوخۆدا دەیەوێ بە پێی بەرنامەیەک بڕواتە پێش و دەیەوێ کە پێکهاتەی کوردی ئاگاهانە لەم پرۆسەی دەنگدانەدا بەشدار بێت. یانی بە نەوعێک دەیانەوێ موعامەلەیەکی سیاسی بکەن و کورد لەو حەسارە ئەمنییەتیە بێتە دەرێ و لە ئاییندەدا مەشموولی بەرنامە خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت بێت.

لێرەدا دەمەوێ بزانم کە تۆ چۆن ئەو دۆخە هەڵدەسەنگێنی و، ئایا بەرای تۆ نوخبەی کورد لە ناوخۆدا دەتوانن بە قازانجی گەشەی جەرەیانی ئیسلاح تەڵەبی و کرانەوەی فەزای سیاسی- فەرهەنگی کاریگەری پۆزەتیڤ دابنێن یا نا؟

**رزگار-** من پێموایە ئەم سەودا سیاسییەی کە تۆ ئاماژەت پێدا دەستی پێ کردووە. بەڵام گرینگییەک کە دەکەوێتە بەردەم نوخبەی ئەم سەودا سیاسییە ئەمەیە کە، تا چەند شانسی ئەوەیان هەیە کە ئەم بابەتە بکەن بە ئیرادەیەکی گشتی لە نێو جەماوەری کوردستان دا. ئەو رۆژەوە کە ئاغای خاتەمی - وەک نمادێکی ئیستڵاح تەڵەبەکان- لە پەنجەرەی کوردەکانەوە دەرکەوت، بە بۆچوونی من کورد دەبوو هەست بە قورسایی خۆی بکات لەم سەودایەدا. بەڵام لێرەدا پرسیارێک بەرز دەبێتەوە، ئەگەر قەرارە ئەم سەودا سیاسییە لە نێو جەماوەردا پراکتیزە بکرێت، دەبێ ئامانجەکانی ئەم سەودایە چۆن خۆی پێناسە بکا. لێرەدا گرینگییەک بەرجەستە دەبێتەوە کە پیوەندی هەیە بە تێگێشتنی خەڵک لە داواکانی خۆی. ئێمە ئاگادارین کە پرسی کورد لە ئێران لەچاو بەشەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بابەتێکی هەستیارە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەگەر لە یەک رستەدا ئەم بابەتە کورت بکەمەوە دەبینین کە جیاوازی پێگەی کورد لە ئێران دا ئەوەیە کە - وەک ستراتژی - بە شوناسێکی نەتەوەییەوە خۆی ئاراستە دەکاتەوە.

رێگەم بدە ئەم بابەتە زیاتر شی بکەمەوە؛ مەبەست لە ستراتیژی ئەوەیە کە پرسی نەتەوەیی لە کانونی گوتاری گشت لایەنە پێوەندیدارەکان دا بەدی دەکرێت. بەڵام وەک پرۆژە، ئەم بابەتە بە دوو ئاقاری جیاواز دا تێدەپەڕن کە یەکەمیان پرسی کورد لە بەستێنێکی حقوقییەوە ئاراستە دەکاتەوە وەک؛ "هویت طلبی" (دابین کردنی مافی شارومەندی لە ئێران). دووهەمیان لە بەستێنێکی سیاسیەوە پرسی کورد ئاراستە دەکاتەوە کە لە مەقولەی "دەسەڵات" دا خۆی دەبینێتەوە وەک؛ "دیاری کردنی مافی چارەنووس" (خودموختاری، فیرالیزم و سەربەخۆیی).

ئێستا ئەگەر ئێمە ئەم خوێندنەوەیە بکەین بە بنەمایەک بۆ نێزیک بوونەوە لە وەڵامی پرسیارەکەی جەنابت، پێویستە بزانین لە پێوەندی بە سەودای سیاسی لەمەڕ پرسی هەڵبژاردن لە ئێران دا کام یەک لەم پرۆژانە دەکرێ مەترەح بێت؟ یان

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باشترە وا بڵێین کە دەسەڵاتی قانونی و ئیجرایی سرۆک کۆمار لە ئێران دا دەتوانێ خۆی لە قەرەی کام یەک لەم داوایانە بدات؟

بێ گومان لە وەها دۆخێکدا گوتاری پرۆژەی یەکەم - واتە "هویت طلبی" لە چوارچێوەی بەدەست هێنانی مافە شارومەندییەکاندا- دەتوانێ بێتە رۆژەڤەوە. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە نوخبەی ئەم پرۆژەیە تا چەند دەتوانێ داواکانی خۆی تیۆریزە بکات و، بزاڤەکەی – واتە حەولی نێزیک بوونەوە لە داوا شارومەندییەکانی - کانالیزە بکات. ئەم بابەتە پێویستی بە پشوو درێژی و لە هەمان کاتدا ئیعتەماد سازی هەیە لە نێو جەماوەر دا. بەڵام لێرەدا درامایەکی سیاسی هەست پێدەکرێ کە ئەویش تەنیا بوونی نوخبەی ئەم پرۆژەیە. ئەوان هەم لەلایەن دەسەڵاتەوە مەیدانیان پێ هەڵچنراوە و هەم ئۆپۆزیسیۆنیش بە چەشنێک خۆی لێ نەبان کردوون. بێ گومان ئەمانە کۆسپێکی گەورەن لەبەر دەم بە جەماوەری کردنی ئەم پرۆژەیەدا، چوونکە بەشێکی بەرچاو لە خەلکی کوردستان هەنوکەیش لە ژێر کاریگەری قووڵی سوزداری (عاتفی) ئۆپۆزیسیونی کورددایە. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە مێژوویەکی هەیە، خەباتێکی سی ساڵە و پڕ لە خوێن و کارەسات. لە هەمان حاڵیشدا کەشی ئەمنیەتی و مامڵەی رێژیم لە گەڵ خەڵکی کورد دا، کارەساتاوی بووە. ئەم مامڵەکردنە شیاوی کەسایەتی شارومەندی کورد نییە.

سەبارەت بە پرۆژەی دووهەم، واتە پرسی دەسەڵاتی کوردی لە ئێراندا. من حەز ناکەم بگەرێمەوە بۆ رووداوە ناخۆشەکانی مێژوو، بەڵام ناچارم لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە لە دانیشتنەکەی "ڤیەن" لە ساڵی 1368و لە دەرەنجامە کارەساتاوییەکی دا، دەسکەوتی ئەو وتووێژە بەتەنیا یەک پەیام بوو. ئەم پەیامە هوشداری دا بە ئێمە کە پرسی دەسەڵاتی لۆکاڵی بەم فۆرمەوە و بەم عەرزەوە، لە چوار چێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نەگونجێندراوە. کەواتە بزاڤی دەسەڵاتی کوردی دوو ئەڵتەرناتیڤی لەبەر دەمدایە؛ یان تەسلیمی ئیرادەی رێژیم بێت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە، یاخود لانی کەم چاوەرێی روخانی ئەم رێژیمە بکات. و بینیمان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئەڵتەرناتیڤی دووهەم، واتە خەبات بۆ روخاندنی رێژیمی گرتەبەر. بەڵام لە لایەکی دیکەوە بینیمان کە ئەم چارەنوسە قەتعییەی رێژیم بۆ حوکمی دەسەڵات، درێژخایەن نەبوو. حوکمی ئیقتەداری مێژوویی رێژیم و، مانۆری هێژمۆنیاخوازی چینی دەسەلاتدار بۆ کۆنترۆڵ، لە ساڵەکانی دواییدا بەرەورووی نەقدی نوخبەی نێوخۆی دەسەڵات بووەوە. لە بزاڤی دووی خورداد و ساڵەکانی دواتر پرسی دێسەنترالیزە کردنی دەسەڵات هاتە گۆڕێ و تەنانەت هێندێ لە لایەنەکانی نێوخۆی دەسەڵات باسیان لەوە دەکرد کە سیستەمی ئیداری وڵات بگۆڕن بۆ فیدەرالیزم.

ئەوەی کە ئێمە تا ئێستا دەبینین، حیزبەکان (تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیونی سەرانسەری) هەنوکەیش لە ژێر ئیردای هەڵبژێردراوی (ئینتەخابی) رێژیمدایە و، کەمتر خۆی بەوەوە سەرقاڵ کردووە کە بۆ ئیمکانیاتەکانی دیکە بگەرێت، واتە حەولدان بۆ بەهێز کردنی ئەو پاڵنەرانەی کە دەتوانن پاشەکشە بە سیستەمی ئیقتەدارگەرایانەی رێژیم بکەن و، بازنەی گەمارۆی چینی دەسەڵاتداران تەنگتر بکەنەوە. ئەمە لە راگەیاندن و شرۆڤە سیاسییەکانی ئەم حیزبانەدا دیار بووە و هەنوکەیش دەبیندرێ کە چۆن بە گومانەوە سەیری ئەم هەنگاوانە دەکرێت و، تەنانەت بەپێی وەزن و قورسایی خۆیان لە حەولی لەقاودانی پیلانەکانی رێژیمن! بەم کارە دەیانەوێ ویژدانی جەماوەر زیندوو رابگرن کە بڵێن پێشوازی کردن لەم رێکارانە بە نرخی درێژ بوونی دەسەڵاتی ئەم رێژیمە تەواو دەبێت! وەک بڵەی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە بە موویەک بەن بێت. هونەری سیاسەت لەوەدا نییە کە حیزب بەتەنیا خۆی بە ئامانجە کۆنکرێت و مایکرۆکانەوە سەرقاڵ بکات، بەڵکە هوونەری سیاسەت خوێندنەوە و پلانرێژکردنی دیاردە میکرۆکانە و لە ئەنجامدا فەراهەم کردنی ئیمکانی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاریگەربوونی زیاتری ئەم دیاردانەیە بۆ گۆڕان لە پێکهاتەی قەوارە مایکرۆکان دا. پەیامی سەرەکی و هەمیشەیی ئەمان لەم دروشمەدا کورت دەبێتەوە؛ روخانی رژێم و دامەزراندنی حکومەتێکی دیمۆکراتیک.

رێگەم بدە زۆر بە کورتی ئاماژە بەوە بدەم کە ئیمکانی عەمەلی بوونی ئەم دروشمە تا چەندەیە. یەکەم، تا ئێستاش نیشانەکانی رووخانی رژیم دیار نین. دووهەم، ناساندنی شووناسی دیموکراتیک بەلای ئۆپۆزیسیۆنەوە پارادۆکسال و شوعارییە، وەک تیۆری باوەری بە دێمۆکراسی هەیە بەڵام لە پراکتیکدا ئەم بابەتە بەتەواوی بە پێچەوانەیە ئەگەر سەرنج بدەین بە هەڵسوکەوتی ئەم حیزبانە لە ناو خۆیان و لەهەمبەر دەرەوەی خۆیان. سێهەم، ئوپۆزیسیون ئێستا بۆ خۆی لە دۆخێکی لاوزدایە و، کۆمەڵێ فاکتی سیاسی و پرسی دیپلۆماسی لە ناوچەکە دا خەریکە خۆی دەردەخات کە لە درێژخایەندا چارەنووس و قورسایی ئەمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەوەندە ماوەتەوە کە بڵێم تاکە مەجالی پێوەندی و قورسایی ئەم حیزبانە لە رێگەی راگەیاندنەکانییانەوەیە و بەداخەوە دەبینین کە ئەم راگەیاندنانەیش لەباری کەیفییەتەوە لە ئاستێکی بەرز دا نین. راگەیاندنەکانیان لە نوستالۆژیای رابردوودا دەژین و، ئەگەر هەروا بەردەوام بن لە درێژخایەندا ئەم ئامێرە تەبلیغییانە دەبن بە کەرەسەیەکی دژە تەبلیغ و بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە. خەڵک بۆخۆی لە نیزیکەوە لەگەڵ لایەنە لاواز و نادادپەروەرییەکانی ئەم رێژیمەدا دەژیت، ئیتر پێویست ناکات هەموو رۆژێ بیری بێنیتەوە. خەڵک لە راستیدا لەدوای ئۆلگوویەکی دیکە دەگەرێ بۆ ئەخلاق و سیاسەت کە وەک ئەم رێژیمە و رێژیمە دیکتاتورییەکان نەچێت. سەلماندنی ئولگوویەکی ئەخلاقی و دێمۆکراتیک بۆ سیاسەت، لە پرۆپاگەندەدا مسۆگەر نابێت، بەڵکە دەبێت لە شرۆڤە و گوتار و مێتۆد و پراکتیکدا خۆی دەربخات.

ئەگەر ئەمە قورسایی رێبەرایەتی کردنی پرۆژەی دەسەڵاتی کوردی بێت، سروشتییە کە کاریگەری هێژمۆنیای ئوپۆزیسیون لەسەر ئەو بەشە لەخەڵک کەم دەبێتەوە کە باوەری بەم پرۆژەیە. هۆکارەکانیشی دەگەرێنمەوە بۆ؛ یەکەم، ئەم رێبەرایەتییە زۆر لاوازە، گوتاری ئەمرۆی پێ نییە و لە پێوەندییەکی کۆمۆنیکاتیڤدا (بێژەری، گویا)نییە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی، واتە ئێستاش وەک مەرجەعێکی دەسەڵات خۆی دەناسێنێت و لە ئاستی دەسەڵاتەوە دەروانێتە جەماوەر. دووهەم، لەمەر ئەو ستراتیژییەی کە ئۆپۆزیسیۆن مکووڕە لەسەری، واتە نەمانی ئەم رێژیمە، بە گشتی خەڵک نە جەماوەرەکەی دەبینێ، نە پرۆژەکەی دەبینێ و تەنانەت زەمانەکەشی بە گونجاو نازانێت. سێهەمین شت ئەوەیە کە خەڵک بە راستی ئیتر لە کێشەنانەوە و ئالۆزی لە ناوچەکەدا وەڕەز بووە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بێتە ناو پرۆسەیەکی دیکەوە.

ئەم خوێندنەوانە لەمەر دۆخی ئارایی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی خەڵک بەگشتی. ئێستا وچەیەک پێگێشتووە کە خۆی لە لەبەردەم دوو ئەڵتەرناتیڤ دا دەبینێ کە لە نێوان "ئیمکان" و "مومکین" دا یەکیان هەڵبژێرێ. بێگومان خەڵک ئەو شتە هەڵ دەبژێرێ کە مومکینە، نەک ئەو شتەی کە ئیمکانی ببێ. خەڵک هەمیشە لە دۆخی مومکین نزیکترە تا لە بانگەوازی ئیمکان. هەر بۆیە خەڵک دەچێتە نێو پرۆژەی بەشداری کردن لە چارەنوسی سیاسی وڵات دا، بەڵام ئەم بەشداری کردنە بەو مانایە نییە کە شەرعییەت بە رێژیم بدات، بەڵکە بۆ کردنەوەی مەجالە داخراوەکانە. هەر ئەم بەشدارییەی خەڵکی ئێرانە کە مەودای نێوان باڵەکانی دەسەڵاتی بەرینتر کردوەتەوە و بە حزووری خۆی - وەک لایەی میانی کۆمەڵگا - ئەم مەیدانە پر دەکاتەوە. خەلکی ئێران دەرکی بە حوزوری خۆی کردەوە و هەست دەکا کە ناوەندی دەسەڵاتدارانی نیگەران کردووە و دەبینێ کە رێژیم لەهەمبەر ئەم حوزوورە دا چ کاردانەوەیەک لەخۆیان پیشان دەدەن، ئەگەر سەرنج بدەین بە هوشدارییەکانی مەقامی رێبەری و ناوەندەکانی ئیقتەدارگەرا، کە ئەم حوزوورە بە "براندازی نرم، انقلاب مخملی و..." ناوزەد دەکەن. بە بۆچوونی من ئەم چالاکی و جوولە کۆمەڵایەتییە نیشانەی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرزبوونەوەی شعووری کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانە و، لە وەها دۆخێکدایە کە دەرک پێکردنی کاریگەری بزاڤی دێمۆکراتیک دێتە رۆژەڤەوە و بەرەبەرە مەجالە توندوتیژییەکان کەم رەنگتر دەکاتەوە. لەم دۆخەدا پێویستە ئۆپۆزیسیۆن بە حیکمەتەوە و بەرێزەوە ئەم بەشدارییە راڤە بکاتەوە. کاتێ ئۆپۆزیسیۆن هەست بەم ئیرادە جەماوەرییە دەکات، باشتر نییە بیر لە راوێژێکی دیکە بکاتەوە؟ بۆ نموونە بە خوێندنەوەیەکی ورد لەمەڕ دۆخی ئارایی خەڵک، بیر لە ئەگەری بەرزکردنەوەی داوای رێفراندۆم و بازبینی لە قانونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی دا بکاتەوە. تۆ بڵەی ئەم مەجالە و مەجالەکانی دیکەیش ئەوەندە داخراوە بن؟

ئێستا ئەگەر ئوپۆزیسیون بۆ رێگرتن لە بەشداری خەڵک ئەم هەڵبژاردنە بایکۆت دەکات و بە "تاوان"، "لەبێک وتن بە کۆماری ئیسلامی" و "پاراستنی نیزام" و ... ئەم بەشدارییە راڤە دەکات، تۆ بڵەی ئەم کارە بێڕیزی کردن نەبێ بە ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵک. لە حاڵێکدا پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری پرۆسەیەکی دیکەیە. ئەگەر تەواوی خەڵکی کوردستان دەنگ نەدەن - کە لە دەورەی هەڵبژاردنی ئاغای ئەحمەدی نەژاددا نیشانیان دا و سندووقەکانی کوردستان زۆر بەتاڵ بوون - رژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر بە ئاسانی دەنگی ملیونی کۆ دەکاتەوە. واتە سەرژمێری دەنگەکانی بە حەدی نیساب دەگەیەنێت تا سەرۆک کۆمار هەڵ بژێرێ. کەوایە ئەگەر خەڵکی کورد نەچنە ناو پرۆژەکەشەوە، پرۆژەی دەنگهێنانەوەی سەرۆک کۆماری سەرکەوتنی خۆی بەدەست دێنێ. وەک چۆن لە قۆناغەکانی پێشووتردا نیشانی داوە.

بەڵام بۆچی ئێستەلاحتەڵەبەکان لە پەنجەرەی کوردەوە دەچێتە نێو کارزاری هەڵبژاردن؟ من پێموایە ئەم کارە سەرنجدانە بە قورسایی و کاریگەری دەنگی کورد لە ئێراندا. لە سەردەمی دووی خورداد دا کورد ئەم پێگەیەی بۆ خۆی تۆمار کرد کە پشتگیری لە بەربژێرێک دەکات کە لەهەمبەر دەسەڵاتی ئێقتەدارگەرادا مەتروح دەبێت و حەول دەدات بۆ دابین کردنی ئازادییە نیسبییەکان، وەک ئازادی سیاسی و کولتوری. ئێستا ئاماری دەنگدانی کورد ئامارێکی ملیۆنییە، رەنگە لە بەینی 4 تا 5 ملیون دەنگدەر هەبێ. باشە تۆ مەزندەی بکە ئەگەر ئەم دەنگانە بچێتە نێو سندووقی هەر بەربژێرداوێکەوە ئایا شانسی سەرکەوتنی ئەو ناباتە سەر؟ ئەمە ئەو پارادایمەیە کە نوخبەی کورد خەریکە تیشکی دەخاتە سەر، ئەمە کارتێکی موعتەبەرە بۆ سەودا کردن. بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، گرینگ ئەوەیە ئەم نوخبەیە چۆن پرۆژەکەی خۆی دەکا بە ئیرادەیەکی جەماوەری و دەنگی کورد یەکدەنگ دەکا و، چۆن دەتوانێ بە مانۆرێکی سیاسی حەوزەکانی هەڵبژاردن ئاگادار بکاتەوە کە هەر بەربژێرداوێک خۆی لە داوای کورد نزیک بکاتەوە، دەنگی کورد دەچێتە نێو سندووقەکانی. بەم رێکارە کورد دەتوانێ قورسایی خۆی لە ئێرانێدا بەرجەستە بکاتەوە.

**کۆسار-** من هیوادارم ئەم قورساییە بە نیسبەت کوردەوە دروست ببێ، بەڵام لێرەدا مەسەلەیەک مەترەحە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین لە ئێستاوە ئاکامەکانی ئەم وەزعییەتە ببینین. شتێکی تریش ئەوەیە کە لە نزیکەوە ئاگامان لە رووداوەکانی رۆژ نییە. بێگومان نازانین کە ئاستی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە چەندەیە. ئەمما بەهەر حاڵ وەک خۆیشت باست کرد چەند شت موسەلەمە. یەکەم ئەوەی کە لە کوردستاندا دەیانەوێ تەئسیر دابنێن، بەڵام بە لەسەرەخۆییەوە. یانی بەو مانایە کە زۆر بە پارێزەوە دەیانەوێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن.دووەم ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردستان بە جۆرێک لە خەونی رووخانی رژیمیش دوور کەوتوتەوە. واتە رووخانی بنچینەیی ئیتر لە خەونی کوردی ئێراندا ئەو ئامادەییەی جارانی نییە. چونکە بەهەرحاڵ فاکتەرەکانی لە ئارادا نین. سێهەمیش ئەوەی کە بەو قەیرانەی کەوتۆتە نێو ئوپۆزیسیونەوە کە قەیرانە لە رێبەری و ئیدارەکردنی ئەحزابدا، قەیرانە لە دیالۆگدا، واتە ئەحزابی کورد ناتوانن پێکەوە دیالۆگ بکەن بۆیەش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دابرانی پەیتا پەیتا دروست دەبن، ئەو قورساییەی جارانیان لە سەر ویژدانی کۆمەڵگە نامێنێ. ئەوان توانای تەشخیسی شەرایەتی رۆژیان نییە و ناتوانن تەئسیری لەسەر بکەن. بۆیە دەیانەوی لە رێگای تەحریمی هەڵبژاردنەوە کوردستان لە بەشەکانی دیکە دابڕن. وەک خۆیشت ئیشارەت پێکرد، دابڕانی کوردستان لە قەزیەی هەڵبژاردندا نەتیجە بە دەستەوە نادا. بۆیە باشتر وایە کورد لە دێهات و شارەکانی کوردستاندا و لە ناوەندە مەدەنی و لە رێگای رێکخراو و گرووپە مەدەنییەکانەوە قورسایی خۆیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا دابنێن. چونکە راستییەکەی ئەوەیە ئەگەر شەفاف بڵێم کۆمەڵگەی ئێمە تووشی ناهومێدی بووە لە قەزیەی رووخانی رژیمدا و سی ساڵە ئەم پرۆژەیە سەرناگرێ. بۆیە ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەبین بزانین ئەم کۆمەڵگەیە بە چ ئاراستەیەکدا دەروا. من تەسەور ئەکەم گوتاری کۆمەڵگە و گوتاری ئەحزابی کورد لەم قۆناغەدا یەک ناگرنەوە. هەرچەندە رەنگە تەیفێک هەبێ بە دوای سیاسەتی تەحریمدا بڕوا..... .

**رزگار-** رێگەم بدە ئاماژە بە بابەتێک بدەم. ئەوەی کە خەڵک – وەک خۆت ئاماژەت پێدا – چاوەڕێی ئەوە بکات کە ئۆپۆزیسیۆن بێت و ئەم رێژیمە بروخێنی، خوێندنەوەیەکی رۆشنبیریانە نییە چوونکە خەڵکیش باش دەزانن ئەم چاوەڕوانییە نە مەنتیقییە و نە لە گونجاندایە. لەم میانەیەدا دەمێنێتەوە کە لە رێگەی ئیرادەی خۆیەوە بەدژی ئیقتەدارگەرایی چینی دەسەڵاتدار هەڵوێست وەربگرێ. بۆیە بە فۆرمێکی سیڤیلییەوە هەڵدەستێ بە بەشداری کردن لە پرۆسەی دەنگدان دا ئەم کارە وەک لۆبییەکی کاریگەر دەبینێ لە بەرامبەر ئیقتەداگەرایی. بێگومان بەلای زۆریەک لە تاکەکانی نێو کۆمەڵ بێزارییەک لەمەڕ دۆخی ئارایی دا هەیە. زۆر کەس ئەم فۆرمی دەسەڵاتە پەسند ناکەن و رەنگە لەبنەڕەتدا ئەم ئیدۆلۆژییەی قبووڵ نەبێ. بەڵام ئەم حەقیقەتەی دەرک کردووە کە نەبوونی خەڵک لەم مەیدانەدا شانسی دەسەڵاتی سەرەرۆیی و هێژمۆنیای نیهادە بان قانوونییەکان زیاتر دەکات. بەم پێیە شتێک بەناوی سیستەم، واتە بەستێنێک بۆ حاوانەوەی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نابێت و دیاردەی هێژمۆنیکی رێژیم درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات و دەبێتە ئیرادەی گشتی.

ریگەم بدە ئاوڕدانەوەیەکی تیۆریکمان هەبێت لەمەر وتەزایەک بەناوی سیستەم. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژەیەک بە تیۆری پارسۆنز بکەم لەمەڕ مامڵەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکاندا. ئەم مامڵە کۆمەڵایەتییە لە روانگەی پارسۆنزەوە تایبەتمەندییەکی سیستەماتیکی هەیە و ئەم پرسە بە ناوی سیستەمی کۆمەڵایەتی ناوزەد دەکات. سیستەمی کۆمەلایەتی مامڵەیەکی بەرامبەرە (کنش متقابل) لە نێوان دوو پارادایمی سەرەکەی کۆمەڵگا؛ واتە لە نێوان پێکهاتە (کە تایبەتمەندییەکی کولتوری بان تاکەکەسی هەیە) رەفتاری تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. بەڵام ئەو پردەی کە ئەم دووانە بە یەکەوە پەیوەند دەداتەوە، پرسێکە بەناوی رەفتاری کۆمەڵایەتی. پێناسە کردنی رەفتاری کۆمەلایەتی پیوەندی هەیە بە کۆمەڵێ هۆکاری ئولگوویی لە کۆمەڵگا دا و، مەیدانی پراکتیزەکردنی ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییانەیش لە چوار بەستێنی عەینیدا خۆی دەبینێتەوە کە بریتین لە کولتور، دامەزراوەکان (سیستەمی ئیداری)، رێکخراوەکان و تاکەکان. ئەم چوار پەیکەرە بەسەر دووبەشدا پۆلین دەکرێن؛ کولتور و دامەزراوەکان وەک پێکهاتە دەست نیشان دەکرێت کە تایبەتمەندی بان تاکەکەسییان هەیە و، ئەوەی تریان رێکخراوە و تاکەکانی نێو کۆمەڵگایە. رەفتاری کۆمەلایەتی ئێمە لە کێشمەکێشمێکی بەردەوام دایە لە نێوان کارتێکەری هەرکام لەم پۆزیسیۆنانە. واتە کولتور و دامەزراوەکان بەردەوام لە حەولی کارتێکردن دایە لەسەر تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بۆ بەرهەم هێنانی نەوەیەک کە خۆی بە تابعی ئەم سیستەمە بزانێت و، لە هەمان حاڵیشدا رێکخراوە و ئولگووە تاکایەتییەکان لە حەولی ئەوەدان کە قورسایی خۆیان هەبێ لەمەر گۆران لە پێکهاتەدا. بەلای پارسۆنزەوە پرسی رێکخراوەکان لەم میانەدا دەورێکی باش دەگێرێت بۆ ئەم تەئسیر دانانە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هابرماس به نۆرەی خۆی ئەم پۆلین کردنەی پارسۆنز قبوڵ دەکات، بەڵام ئەو پرسی کاریگەری ڕێکخراوە بۆ پرسی کۆمۆنیکاتیڤ (بێژەری، گویا) دەگۆڕێت و، پێی وایە کارتێکەری کۆمۆنیکاشیۆن لەم سەردەمەدا لەسەر ڕەفتاری کۆمەلایەتی ۆ گۆڕانی پێکهاتە، قورسایيەکەی زیاتر بووە. ئەگەر سەرنج بەم بۆچوونە بدەین دەبینین هەر چەشنە گۆڕانێک لە پێکهاتەدا بەندە بە پێوەندییەکی کۆمۆنیکاتیڤانە و تاک لەم ڕێگایەوە دەتوانێ کاریگەری خۆی لەسەر پێکهاتە دابنێت. بەدی هێنانی پارادایمێک بە ناوی کۆمۆنیکاتیڤ لە گرەوەی دروست کردنی دیالۆگدایە و، ئەم دیلۆگەیش دەبێ پەیرەوی بکات لە قاعیدەیەکی فرەدیالۆگی. بۆ نموونە هابرماز ئاماژە دەدات بە پرسی کارتێکەری بەرامبەر لە نێوان بازار و تاک دا. لە بازار دا بەرهەم هێنان بە پێی تەقازای مشتەری تەنزیم دەکرێت، بازار ئەو کالایە بەرهەم دێنێت کە تاک لە کۆمەڵگادا داوای دەکات. مارکێت ناتوانێ شتێک دروست بکا کە خەڵک نیازی پێی نەبێت. هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەو ئاماژە دەدات بە زەرورەتی دروست بوونی مەجالێکی فرەدیالۆگی کە لەم ڕێگایەوە بازار تەقازاکان وەردەگریت و بەرهەمەکانی عەرزە دەکات. ئەم نموونەیە لەخۆیدا شموولی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش دەکات. مێژوو بیرمان دەهێنێتەوە کە ئەو سیستەمانەی کە مەجالی کۆمۆنیکاتیڤی بەرتەسک کردۆتەوە تووشی چ چارەنووسێک هاتوە.

ناوەندی دەسەلاتدار لە ئێران لە ئاقاریکی تاک دیالۆگییەوە رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تەنزیم کردووە. تا ئەم دواییانەیش هەر سیستەمی دەسەڵات نمادی عەرزەکردنی دیالۆگ بووە، واتە دەسەڵات یەک لایەنانە بەرنامەرێژی کردووە و هەر حکومەت نمادی دیالۆگ بووە. بەڵام حوزوری خەڵک لە مەیدانی ئارایشتی کۆمەلایەتیدا و بەرز کردنەوەی داوا و سەلیقە فرەچەشنییەکان لەخۆیدا ڕێژیم ناچار دەکات لە فۆرمی تاک دیاکۆگی بێتەدەر و تەسلیمی دیاردەیەک بێت بەناوی فرەدیالۆگی. ئەگەرچی چینی دەسەڵاتدار لە ئێران بە هەموو توانایەوە لە بیری بەربەست نانەوەیە لە بەردەم ئەم ڕەوتەدا، بەڵام لە درێژخایەندا ناتوانێ لەم چارەنووسە دەرباز بێت. ئەمە زەرورەتی گەشەی کۆمەڵایەتییە. ئەوەی کە ئێستا دیارە، لەم قۆناغەدا نەوەیەک لە دایک بووە کە نیازەکانی، ستایلی ژیانی و سەلیقەکانی جیاوازییان هەیە لەگەڵ وچەی پێش خۆی. نەسلی دوای ئینقلاب تێگێشتنێکی دیکەی هەیە لە ژیان، لە سیاسەت، لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، لە پرسی ڕەگەز (نێر و مێ) و هەروەها مافی مرۆڤ. ئەم نەوەیە لە دایک بووە و خەریکە خۆی ئامادە دەکات بۆ بەرز کردنەوەی چاوەروانی و داواکانی. لەم دەیەی دواییدا ئێمە شاهیدی خەباتی بزاڤە مەدەنییەکانین کە پرسی مافی مرۆڤ و پرسی ژن لەسەرووی هەموو داواکان بەرز دەکاتەوە. ئەم نەوەیە کۆڵنەدەرە و ناکشێتەوە، چوونکە ئەم مافانە و ئەم بەها مرۆڤایەتییانە بە بەشێک لە شعوری کەسێتی و کۆمەڵایەتی خۆی دەناسێت و دەستبەرداری نابێت. بۆیە دەبینین بزاڤە ئیعتەرازییەکانی لە زۆر حاڵەتدا گرفتی سەرەکی بۆ ڕێژیم دروست کردوە. ئێستا چینی ئیقتەدارگەرا باش دەزانێ لەگەڵ چ شەپۆلێکی بەهەیبەتدا بەرەوروو بووەتەوە.

من پێموایە خەڵکی کورد، بەتایبەت لایەی مامناوەندی کۆمەڵگا، بەم ئاراستەیەدا دەڕوا و هیوادارم مەجالی ئەوەیان پێبدرێت کە ئەم زەرورەتە بەرجەستە بکاتەوە کە ڕێژیم ناچار بە تەسلیم بوون بکا لەمەڕ زەرورەتی فرەدیالۆگی. گرفتی هەرە گەورەی کورد ئەوە بووە کە تا ئێستا نەیتوانیوە سەرنجی ناوەندی دەسەڵات بەلای خۆیدا مەعتووف بکات. ئەمەیش دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کە پێگەی خۆی لە ئێراندا وەک هاوسەنگێک بۆ کارکردن لە چارەنووسی دەسەڵات دا نەناساندووە.

**کۆسار-** بە رای من تەجروبەیەک هەیە لەم بارەوە. ئێمە نابێ موشارەکەتی کورد لە 2ی خورداددا لەبەرچاو نەگرین. بەهەر حاڵ دەورێکی بەرچاو و چالاکانەیان گێڕا. بۆیە کورد ئەم تەجروبەیە هەیە و هەوڵی فەردی و جەمعی زۆریش

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دراوه کە هەر چۆنێ بێت بتوانێ ئەو روانینە دەمارگرژانە و تەک رەهەندییانەی کە لە مەرکەزەوە روو لە کوردستان و خەڵکی کورد دەکات، بگۆڕن. بەهەر حاڵ کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکە لە کۆمەڵگەی ئێران و ناکرێ تەنیا لە بۆنەکان و یادمانەکاندا یادی بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێ لە نێو پرۆژەکاندا جێگەی بۆ دیاری بکرێ و مافی خۆی پێ بدرێت. خەڵکی کورد مافی خۆیانە لە سەرجەمی بەرنامە سیاسی، ئابوری و فەرهەنگییەکاندا حسێبیان بۆ بکرێ و ئەمەش عەینی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە.

باسەکە لێرەدا کۆتایی پێ دێ. سپاس بۆ بەشداری کردنت.

09.03.2009

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com